تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5935) سێ شەممە 18ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار


سەرۆک بارزانی بۆ شەست و حەوت ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

لاوان و قوتابیان، قوتابخانەی پێگەیاندنی سەرکردەی بە توانا و ڕۆڵەی هۆشیار و هەڵگەوتوو بوونە

قوتابیان و لاوان ڕۆحی بەرگری و بڕوابەخۆبوونیان لەناو لاوانی گەلەکەمان پاراستووە



دوێنێ دووشەممە 2020/2/17 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی شەست و حەوت ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی هەر دوو ڕێکخراو کرد.
لە پەیامەکەی سەرۆکدا هاتووە "قوتابیان و لاوان، لە قۆناخە جیاجیاکاندا، خزمەتی گەل و وڵاتیان کردووە و ڕوحی بەرگری و بڕوابەخۆبوونیان لەناو لاوانی گەلەکەمان پاراستووە، ئێستا و داهاتوویش، ئەو چاوەڕوانییە لە قوتابیان و لاوانی خۆشەویست هەیە کە پارێزەری بەها بەرزەکانی میللەتەکەمان بن".
(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)





نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ جێمس جێفری کۆبوونەوە

نێچیرڤان بارزانی لەپێناو دابینکردنی مافەکان و پێگەیەکی باشتر بۆ کورد لە ئێستا و داهاتووی سووریادا لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت

تیشک خرایە سەر مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە عێراق و سووریا و چۆنیەتیی ڕووبەڕوونەوەی بە هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە لە هەوڵەکانی بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنە کوردییەکان لە سووریا بەردەوام دەبێت و پشتگیری لە هەر هەنگاوێکیان بۆ ڕێککەوتن و یەکخستنی ڕیزەکانیان دەکات لەپێناو دابینکردنی مافەکان و پێگەیەکی باشتر بۆ کورد لە ئێستا و داهاتووی سووریادا.

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە 2020/2/17 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز جێمس جێفری، نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ سووریا و شاندێکی یاوەرێکی کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا دواپێن پێشهاتەکانی دۆخی سووریا و هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەری کێشەی سووریا و گێرانەوەی ئارامی و سەقامگیری و ڕاگرتنی شەڕ و کوشتار لەو وڵاتە تاوتوێ کران، ڕۆڵ و ئامادەیی و کاریگەریی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش لە سووریا و پێویستیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەمووان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی سیاسیی ئاشتیانە و پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە بەگشتی، دووپات کرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا دواپێن پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەمبارەیەوە خرایە بەر باس و تیشک خرایە سەر مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە عێراق و سووریا و چۆنیەتیی ڕووبەڕوونەوەی بە هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، هەروەها باس لە پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، کرا.

کۆیە.. نووسینگەی پاسپۆرت کرایەوە



کردنەوەی نووسینگەی پاسپۆرت لەشارۆچکەی کۆیە، بۆ دابین کراوە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ دانیشتوانی سنووری شارۆچکەکە دەکات و لێی سوودمەند دەبن و چیتر خەڵکی ئەم دەڤەرە بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت ڕوو لە شاری هەولێر ناکەن. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی چەکی ڕاو لە خۆپیشاندانەکانی عێراق دەکات

نێردەی تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری عێراق داوای لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی چەکی ڕاو لەناو خۆپیشاندانەکانی عێراق لە ڕۆژانی 14 و 15 و 16ی ئەم مانگە لەنێوان گۆڕەپانی تەحریر و خەلانی، دەکات. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



وەزارەتی پێشمەرگە 8 خاڵ بۆ ڕێککەوتن دەداتە عێراق

وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی وەڵامی وەزارەتی بەرگریی عێراقە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو هەشت خاڵەی بە عێراقی داوە. لیوا بابەکر فەقێ، بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و هۆشیاری نەتەوەیی لە وەزارەتی پێشمەرگە بە خەباتی ڕاگەیاند، لە دواهەمین کۆبوونەوەی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق، شاندی پێشمەرگە هەشت خاڵی بۆ ڕێککەوتن داوەتە لایەنی عێراق. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



حکوومەتی عێراق:

ئەوانەی لە چین گەڕێندراونەتەوە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبوون

وەزارەتی تەندروستی عێراق ڕایگەیاند، سەرجەم ئەو قوتابییانەی کە دوو هەفتە لەمەوبەر لە چین گەڕێندراونەتەوە، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەهاتوون.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ڕەوەندی کورد بەشداری کارای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن بەرز دەنرخێنرن

ساڵانە لە ناوەڕاستی مانگی شوبات، کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، بۆ پرسە گەرمەکانی جیهان، سەرکردە و بەرپرس و ڕاوێژکاران لە ژێر یەک چەتر کۆدەکاتەوە، بۆ گفتوگۆکردنی نێوانیان لەو بابەتانەی گرنگیان بۆ جیهان هەیە و دڵنیایی بوون و دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایشی جیهان و کەڵەکەبوونی قەیرانەکانی جیهان و هەڕەشەی بەردەوام و هەمەجۆرەکان و چۆنیەتی ڕێگری لێیان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان و نزیککردنەوەی هەوڵەکانیان، چەندین دیدار و کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێت. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)





یەکێتی قوتابیانی کوردستان تۆڕێکی هەمیشە کاراو بەردەوام نوێبوونەوە

یەکێتی لاوان لەبەردەم بەرپرسیاریەتییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا

(لەم ژمارەیەدا چەندین بابەت بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی بۆ شەست و حەوت ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

لاوان و قوتابیان، قوتابخانەی پێگەیاندنی سەرکردەی بە توانا و ڕۆڵەی هۆشیار و هەڵگەوتوو بوونە

قوتابیان و لاوان ڕۆحی بەرگری و بڕوابەخۆبوونیان لەناو لاوانی گەلەکەمان پاراستووە



دوێنێ دووشەممە 2020/2/17 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی شەست و حەوت ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی هەر دوو ڕێکخراو کرد. لە پەیامەکەی سەرۆکدا هاتووە "قوتابیان و لاوان، لە قۆناخە جیاجیاکاندا، خزمەتی گەل و وڵاتیان کردووە و ڕوحی بەرگری و بڕوابەخۆبوونیان لەناو لاوانی گەلەکەمان پاراستووە، ئێستا و داهاتوویش، ئەو چاوەڕوانییە لە قوتابیان و لاوانی خۆشەویست هەیە کە پارێزەری بەها بەرزەکانی میللەتەکەمان بن و بە وردبینی و فێربوون".

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە بۆنەی شەست و حەوت ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی هەر دوو ڕێکخراو و قوتابیانی خۆشەویستی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتن و داهاتوویەکی گەشیان بۆ دەخوازم.

لاوان و قوتابیان، لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیانەوە تا ئێستا، ڕۆڵیکی گرینگ و بەرچاویان لەکاری مەدەنی و ڕێکخراوەییدا گێڕاوە و جگە لەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی سەرکردەی بە توانا و ڕۆڵەی هۆشیار و هەڵگەوتوو بوونە، وەک پێشمەرگەش، بەشداربییەکی کاریگەریان لە بژاڵی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەماندا کردووە و لەو ڕێگەیەدا قوربانی و شەهیدیشیان بەخشیوە.

قوتابیان و لاوان، لە قۆناخە جیاجیاکاندا، خزمەتی گەل و وڵاتیان کردووە و ڕوحی بەرگری و بڕوابەخۆبوونیان لەناو لاوانی گەلەکەمان پاراستووە، ئێستا و داهاتوویش، ئەو چاوەڕوانییە لە قوتابیان و لاوانی خۆشەویست هەیە کە پارێزەری بەها بەرزەکانی میللەتەکەمان بن و بە وردبینی و فێربوون.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدە نەمرانەی لە ڕێگای سەروەری و سەرفرازی یەکێتیەکەتان و مافەڕەواکانی گەلەکەمان گیانیان بەخشی..

سڵاو لە (67)ساڵ تێکۆشان و خەباتی بەردەوام و نەپساوەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/18

مەکتەبی سیاسی 67 ساڵەی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوانی دیموکرات پیرۆز دەکات

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی 67ـەمین ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە دوو پەیامی جیادا پیرۆزبایی ئاراستەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و هەڤالانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەردوو ڕێکخراو کرد. ئەمەش دەقی هەردوو پەیامەکەیە:

بەڕێزان/ سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و هەڤالانی ڕابەرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان..

ئەمڕۆ (67)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە، یادی پڕشکۆی کاروانێکی دانەبڕاوە لە کار و چالاکی و کۆشش و کۆڵنەدان و ڕۆژی قوتابیانی کوردستانە، بەم بۆنەیەوە گەرمترین بیرۆزبایی لە ئێوە و کادیر و ئەندامانی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان و تێکڕای قوتابیانی کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان لە (18شوباتی1953) وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ڕەوتی خەباتی گەلەکەمان و بزووتنەوەی قوتابیان، هەروەها وەک یەکەمین مینبەری کۆڕەڕەو و ڕێکخەری توانای تۆژی قوتابیانی کوردستان، هەمیشە بەبێ جیاوازی گوزارشتی لە خواست و ویستی پیشەییانە و مافەڕەواکانی قوتابیان کردووە.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، وەک پێویستیەکی مێژوویی تۆژی قوتابیان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان دامەزرا و، لەو کاروانە سەرکەشیدا و بە درێژایی مێژووی خەباتی نەپساوەیی و لە ڕەوتی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا ڕۆڵێکی باڵا و بەرچاوی گێڕاوە و خاوەن بەرنامە و پلانی دەوڵەمەند و بەرهەمداری خۆی بووە و بە چرای زانست و پێشکەوتن مێژوویەکی شکۆمەندانەی بۆ خۆی و تەواوی تۆژی قوتابیان تۆمار کردووە.

دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە دەسکەوتێکی دیکەی گرنگ و بایەخداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان دادەنرێ، چونکە تۆژی قوتابیان خاوەن سەنگ و هێز و توانایەکی لەبن نەهاتووی پێشکەوتن و شارستانیەتن و نەوە لەدوای نەوەش گەنجینەیەکی بەهاداری خەباتی گەلەکەمان بوون، لەو پێناوەشدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەرگیز لە تێکۆشان نەسرەوتووە و قوتابخانەی پێگەیاندنی دەیان سەرکردە و کادیری لێوەشاوە و دڵسۆزی گەلەکەمان بووە.

ڕۆڵ و بایەخی گرنگی تۆژی قوتابیان لە هەموو هەلومەرجێکدا هەستیار و چارەنووسسازە، ئەرکی یەکێتیەکەتانە هەوڵ و کۆششی زیاتر و بەرنامەکانی سەردەمیانەتر بڕەو پێبدا بۆ خزمەتگەیاندن بە داوا و خواست و ویستەکانی سەرجەم تۆژی قوتابیان لەلایەک و بۆ پتەوکردن و قوواڵکردنەوەی هەست و گیانی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەریی لەلایەکی دیکەوە.

لەم یادەدا وێڕای پیرۆزبایی گەرمان، جارێکی دیکە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ یەکێتیەکەتان و کاروبەرنامەکانتان دووپات دەکەینەوە لە بەدیهێنانی دەسکەوتەکانتان، ئومێدەوارین هەردەم لەئاست چاوەڕوانی و گرنگیی ئەو ئەرکە پیرۆزەتان دابن و مایەی متمانەی ئەو تۆژە و پێشەنگی بزووتنەوەی پیشەوەرانەی قوتابیان بن بۆ بەرجەستەکردن و بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانیان و خزمەتکردنی ڕەوتی زانست و ڕۆشنبیری و فێربوون.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدە نەمرانەی لە ڕێگای سەروەری و سەرفرازی یەکێتیەکەتان و مافەڕەواکانی گەلەکەمان گیانیان بەخشی..

سڵاو لە (67)ساڵ تێکۆشان و خەباتی بەردەوام و نەپساوەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/18



مەسرور بارزانی 67 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی کوردستان پیرۆز دەکات

هەردوو ڕێکخراو مێژوویەکی گەشیان هەیە لە پەرەپێدانی هزری نیشتمانپەروەری

دوێنێ دووشەممە 2020/2/17 مەسرور بارزانی بەبۆنەی 67 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی هەردوو ڕێکخراو کرد و ڕایگەیاند، ئەم دوو ڕێکخراوە، قوتابخانەیەک بوون بۆ پێگەیاندنی چەندین سەرکردەی بە توانا کە ئێستا لە بواری جیاجیاکاندا ڕۆڵێکی پێشەنگانە دەگێڕن.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پەیامی پیرۆزبایی ڕێزدار مەسرور بارزانی بەبۆنەی شەست و حەفت ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان.

بەبۆنەی شەست و حەفت ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە ئەندامانی هەردوو ڕێکخراوە تێکۆشەرەکە و قوتابیان و لاوانی کوردستان دەکەم کە مێژوویەکی گەشیان هەیە لە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کوردستان و پەرەپێدانی هزری نیشتمانپەروەری و بەرەو پێشبردنی توانا وئاستی زانستی قوتابیان و لاوانی کوردستان. ئەم دوو ڕێکخراوە، قوتابخانەیەکیش بوون بۆ پێگەیاندنی چەندین سەرکردەی بە توانا کە ئێستا لە بواری جیاجیاکاندا ڕۆڵێکی پێشەنگانە دەگێڕن. هیوادارم بەردەوام بن لە هەوڵ و تێکۆشانتان بۆ پاراستنی بەها نیشتمانییەکان دوور لە هزری تووندڕەوی، لە پێناو بە دیهێنانی دوارۆژێکی گەشتر و کوردستانێکی ئاوەدانتر و پێشکەوتووتر دا.

مەسرور بارزانی
2020/2/17

وەزارەتی پێشمەرگە
8 خاڵ بۆ ڕێککەوتن دەداتە عێراق

وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی وەڵامی وەزارەتی بەرگریی عێراقە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو هەشت خاڵەی بە عێراقی داوە. لیوا بابەکر فەقێ، بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و هۆشیاری نەتەوەیی لە وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق، شاندی پێشمەرگە هەشت خاڵی بۆ ڕێککەوتن داوەتە لایەنی عێراق.

بڕیاربوو شاندێکی وەزارەتی بەرگریی عێراق بۆ گفتگۆکردن لەسەر ئەو هەشت خاڵە سەردانی هەولێر بکات، بەڵام بەهۆی پێشهاتەکان بە تایبەت خۆپیشاندانەکانی عێراق، تا ئێستا کاتی سەردانەکەیان بۆ هەولێر دیاری نەکردووە.

ئەو خاڵانەی وەزارەتی پێشمەرگەش داویەتییە وەزارەتی بەرگریی عێراق، بریتین لە:

- گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.
- ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.
- ئاڵوگۆڕی زانیارییە هەواڵگرییەکان.
- بەشەبودجەی پێشمەرگە لە بودجەی بەرگریی عێراق.
- ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە.
- هەماهەنگیکردنی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دژی داعش.
- کارکردنەوە بە ڕێککەوتنەکانی پێشووی هەردوولا.

حکوومەتی عێراق:

ئەوانەی لە چین گەڕێندراونەتەوە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبوون

وەزارەتی تەندروستی عێراق ڕایگەیاند، سەرجەم ئەو قوتابییانەی کە دوو هەفتە لەمەوبەر لە چین گەڕێندراونەتەوە، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەهاتوون. دوو هەفتە لەمەوبەر حکوومەتی عێراق، بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، 58 هاووڵاتی کە زۆربەیان قوتابی زانکۆ بوون لەگەڵ خێزانەکانیان لە شاری وهان ڕۆژهەڵاتی چین گەڕاندەوە و دواتر بۆ ماوەی 14 ڕۆژ خرانە ژێر چاودێری وردی پزیشکییەوە.

لەوبارەوە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی عێراق، سەیف بەدر لە لێدوانێکدا گوتی: سەرجەم ئەو قوتابیانەی زانکۆ کە بەم دواییانە لە چین گەڕاندەوە و گەڕێندرانەوە، هەڵگرانی ڤایرۆسی کۆرۆنامان تیایاندا نەدۆزیوەتەوە، هەروەها هیچ حاڵەتێکی گوماناویمان لەوبارەوە بەدی نەکردووە.

جێی باسە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2019دا لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبای جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە و بەخێرایی بۆ شارەکانی دیکەی چین تەشەنەی کرد، زۆربەی وڵاتانیش هاووڵاتییەکانیان لە چین گواستەوە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش دۆخی لەناکاوی ڕاگەیاند.

پەیامی نێچیرڤان بارزانی بۆ یادی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان



بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەت و بەرپرسانی لقەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان سڵاوی زانست و خەبات،

بە بۆنەی (67)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی لە خۆتان و تێکڕای ئەندامانی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم قوتابیانی ئازیزی کوردستان دەکەم، ئومێدەوارم ئەم یادە هاندەرێکی بەهێز بێت بۆ زیاتر جۆشدانی خەباتی ڕێکخراوەییتان لەپێناو خواستەکانی قوتابیانی کوردستاندا.

یەکێتیی قوتابیانی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییە و لە پێشەنگەکانی خەباتی ڕێکخراوەیی و مەدەنیانەی کۆمەڵگای کوردستانییە پێشکەوتن و نوێبوونەوە و ئاستێکی بەرز و شیاو لە زانست و پەروەردە. گرنگە جێدەستتان بە گۆڕانە ئەرێنی و پێشکەوتنەکانی سیستمی خوێندن و پەروەردەوە دیار بێت و بە دیدگا و بەرنامەی نوێ و سەردەمیانەوە کاری ڕێکخراوەییتان ئاراستە بکەن.

قوتابیان تۆڕێکی گرنگ و هەستیاری کۆمەڵگان و ئومێدی ئایندەی کۆمەڵگاکەیانن، دەبێ خواست و پێویستیەکانیان بە هەند وەربگیرێن و بایەخی بەردەوام بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی نیشتیمانی و هەستی بەرپرسیارێتی لە گرتنە ئەستۆی ئەرکەکانیان بە دڵسۆزی و لێهاتوویی، بدرێت. ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان لەم لایەنەوە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری بینیوە و چاوەڕوانیم لێتان کار و هەوڵی زیاتری بەردەوامە لەم بوارەدا، لەگەڵ بەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی زیاتری بنەماکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، لەپێناو ئایندەیەکی پرشنگدار و شکۆداردا بۆ گەل و نیشتیمان.

بە دڵنیاییەوە، ئێوە لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییەدان و متمانەی تەواوم بە دڵسۆزی و توانا و لێهاتوویتان هەیە. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتر بۆ یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان دەخوازم.

بەرز و شکۆدار بێت یادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان.

دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی
جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/18

پەیامی نێچیرڤان بارزانی بۆ یادی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و هەڤاڵانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان سڵاوی خەبات و تێکۆشان،

بەبۆنەی (67)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوە و کادیر و ئەندامانی ڕێکخراوەکەتان و سەرجەم لاوانی ئازیزی کوردستان دەکەم، ئومێدەوارم هەمیشە لە کار و چالاکی و کۆششەکانتان بۆ خزمەتکردنی خواست و داواکانی تۆڕی لاوان بەردەوام بن و ئەم یادە هاندەرێک بێت بۆ هەنگاوی گەورەتر و سەرکەوتنی زیاترتان.

مایەی شانازییە بۆ یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان کە وەک پێشەنگێکی خەباتی مەدەنی و ڕێکخراوەیی گەلەکەمان، خاوەن مێژوویەکی پڕ سەروەری و خەباتی نەپساوە و کۆکەرەوەی توانا و بەهرەکانی سەرجەم لاوانی کوردستان بووە و چەندین سەرکردە و تێکۆشەری لێهاتووی پێشکەش بە کۆڕی خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەییمان کردووە. کار و خەباتی ڕێکخراوەیی و مەدەنیانەتان لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی ڕزگاریخوازیمان و پڕۆسەی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا، بەرز دەنرخێنم..

لاوان سامانی نەتەوەیی و نیشتیمانین و تۆڕێکی گرنگ و کاریگەری بەرهەمهێن و دایناموی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگان، دەبێ ڕێز لە توانا و بەهرەکانیان بگیرێت و خەون و خواستەکانیان بە هەند وەربگیرێن.

هەلومەرجی چارەنووسسازی ئەمڕۆی گەلەکەمان ئەرک و خەباتی زیاتر لە هەموو لایەک دەخوازێت، بەتایبەت بۆ پتەوترکردنی یەکڕیزی و تەبایی لەنێوان سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی کوردستاندا. هەمیشە چاوەڕوانی بینینی ڕۆڵی دڵسۆزانە و کاریگەر لە ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان دەکەم لە زیاتر بەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتیمانپەروەری و هەستی بەرپرسیارێتی لای لاوان دەرهەق بە ئەرکەکانیان وەک تاکی دڵسۆز، بەرهەمهێن، چالاک و کاریگەری کۆمەڵگاکەیان، لەگەڵ بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی بنەماکانی لێبووردەیی و ئاشتی و پێکەوەژیان، لەپێناو سەقامگیریی زیاتر و گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی و ئایندەیەکی گەشتردا بۆ گەل و نیشتیمان.

گرنگە هەمیشە بە دیدگا و بەرنامەی نوێ و سەردەمیانەوە کاری ڕێکخراوەییتان ئاراستە بکەن بە جۆرێک وەڵامدەرەوەی ڕۆحی قۆناغەکە و پێداویستییەکانی و پێشکەوتنە خێرا و گەورەکانی سەردەمەکەمان و چاوەڕوانییەکانی لاوانی کوردستان بێت. بە دڵنیاییەوە ئێوە لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییەدان و متمانەی تەواوم بە توانا و دڵسۆزی و لێهاتوویتان هەیە.

هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتر بۆ یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان دەخوازم.

بەرز و شکۆدار بێت سالیادی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان.

سڵاو بۆ گیانی پیرۆزی شەهیدانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی قارەمانەکانی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی
جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/18

شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی سەردانی کونسوڵخانەی گشتیی چینی کرد



هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندێکی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەردانی کونسوڵخانەی گشتیی چینی میلیان کرد.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بە ناوی سەرکردایەتیی پارتییەوە هاوخەمیی گەیاندە حکوومەت و گەلی چین و قوربانیانی قایرۆسی کۆرۆنا. بەڕێز سیوەیلی ڕایگەیاند: ئێمە گەشبینین کە گەل و حکوومەتی چین توانای ئەوەیان هەیە بتوانن ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە ببنەوە.

هەروەها بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە جەختی لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان و پارتی کردەوە لەسەر پاراستنی پێگە و ڕۆڵی هەرێمی کوردستانە لە عێراقدا هەروەکو چۆن لە دەستووردا دیاری کراوە.

وانگ شۆهۆنگ، کونسوڵی ئەو وڵاتە سوپاسی ئەو سەردان و هاوخەمییەی کرد و ڕایگەیاند، کۆنسوڵخانەی گشتیی چین سوپاسگوزاری حکوومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستانە.

کونسوڵ شۆهۆنگ سەرسامی و پێزانی خۆی خستەڕوو لە زۆربی پاڵپشتی و هاوسۆزیی خەڵک و حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێم بۆ گەلی چین. بەڕێزیان بە وردی باسی سەرهەڵدانی قایرۆسی کۆرۆنا و کارگەرییەکانی ڕێوشوێنی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قایرۆسە مەترسیدارەی کرد. لەو دیدارەدا، بەڕێز کونسوڵ جەختی لە بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کردەوە و گوتی: ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین کە پەیوەندییەکانی نێوان گەلی چینی مەزن و گەلی کوردستانی خۆشەویست بەهێزتر بێت. لە کۆتاییی گفتوگۆکانیشدا باس لە بەرنامەی کاری کونسوڵخانەی گشتیی چینی میلی لە هەرێمی کوردستان کرا و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی جەختی لە بەردوامبوونی پشتیوانی و کارئاسانی بۆ کونسوڵخانەی چین کردەوە.

فازڵ میرانی بۆ قوتابیان و لاوان:

ئێوە جێی ئومێدی گەل و وڵاتن



دوێنێ دووشەممە فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی 67ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لە پەیامێکی پیرۆزبایییدا کە ئاراستەی هەردوو ڕێکخراوی کردبوو، ڕایگەیاند "هەردوو ڕێکخراوی لاوان و قوتابیان هەردەم قوتابخانە و فێرگەیەکی کارا و نەبڕاوە بوون، بۆ پێگەیاندنی سەرکردەی بە توانا و ڕۆڵەی هۆشیار و هەڵگەوتوو لە نێو نەتەوەکەماندا، ئەوان وەک پێشمەرگەش بەشدارییەکی چالاکانەیان لە شۆڕش و خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی نهێنیدا هەبووە، ئەرکیان کێشاوە و قوربانیی زۆریشیان داوە، لە ڕێی ڕزگاریی کورد و کوردستاندا شەهیدیان داوە.

لەم کاتەشدا کە گەلەکەمان لە قۆناغی وەرچەرخان دایە بە ئاراستەی بەدیهێنانی خواستی زیاتر و تەواوی مافی ڕەوای خۆی، وا چاوەڕوان دەکرێت لاوان و قوتابیانی کوردستان ڕۆڵی کاریگەرتریان لە نەخشاندنی داهاتوودا بگێڕن و بەشداری زیاتر بکەن لە بڕیارەکان و ئاراستەکانی وڵاتدا.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە بۆنەی 67ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە، جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی تێکڕای لاوان و قوتابیانی دڵسۆز و بە ئەمەکی کوردستان دەکەین، ئێوە جێی ئومێدی گەل و وڵاتن، هیوادارین لە سایەی هەوڵ و تێکۆشانی مەدەنیانەی خۆتانەوە، داهاتوویەکی لە ئێستا گەشتر بۆ خۆتان و نەتەوەکەتان دەستەبەر بکەن.

مێژوی دەیان ساڵی ڕابردووی گەلەکەمان و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان گەواهیی ئەوە دەدات، کە هەردوو تۆڕی لاوان و قوتابیانی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیانەوە تا ئێستا، ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر و بەرچاویان لە کاری مەدەنی و ڕێکخراوەییدا گێڕاوە، لە هەمان کاتدا هەردوو ڕێکخراوی لاوان و قوتابیان هەردەم قوتابخانە و فێرگەیەکی کارا و نەبڕاوە بوون، بۆ پێگەیاندنی سەرکردەی بە توانا و ڕۆڵەی هۆشیار و هەڵگەوتوو لە نێو نەتەوەکەماندا، ئەوان وەک پێشمەرگەش بەشدارییەکی چالاکانەیان لە شۆڕش و خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی نهێنیدا هەبووە، ئەرکیان کێشاوە و قوربانیی زۆریشیان داوە، لە ڕێی ڕزگاریی کورد و کوردستاندا شەهیدیان داوە.

لەم کاتەشدا کە گەلەکەمان لە قۆناغی وەرچەرخان دایە بە ئاراستەی بەدیهێنانی خواستی زیاتر و تەواوی مافی ڕەوای خۆی، وا چاوەڕوان دەکرێت لاوان و قوتابیانی کوردستان ڕۆڵی کاریگەرتریان لە نەخشاندنی داهاتوودا بگێڕن و بەشداری زیاتر بکەن لە بڕیارەکان و ئاراستەکانی وڵاتدا.

هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن.

براتان
فازڵ میرانی

د.مەحمود عوسمان:

ناکرێت کورد و سوننە لە حکوومەتی نوێی عێراقدا پشتگوێ بخرێن



سیاسەتمەداری دێرینی کورد و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە دۆخێکی نوێ لە عێراق هاتووەتە ئاراوە و دەبێ لایەنەکان ئەو دۆخە هەڵسەنگێنن، چونکە ڕەنگە ئەم هەفتەیە زۆر شت یەکلا ببێتەوە.

د.مەحمود عوسمان بە خەباتی ڕاگەیاند: گفتوگۆکان لەبارەی حکوومەتی نوێی عێراقەوە بەردەوامن و ڕەنگە ئەم هەفتەیە کابینەی نوێی حکوومەت ڕابگەیەندرێت، ئەوەی هەیە تا ئێستا وەزیرەکانی کورد لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە و ئەم هەفتەیە کابینەی نوێ دەبڕێتە پەرلەمان. گوتیشی: دەبێ چاوەڕێ بکەین بزانین دۆخەکە چی لێ دێت، محەمەد تۆفیق عەلاوی دەڵێت هیچ حزبێک تەداخولی نەکردوون، بۆیە ئەم هەفتەیە هەنگاوەکان خێراتر دەبن. مەحمود عوسمان ڕاشیگەیاند: گرنگە کورد و سوننە پشتگوێ نەخرێن، هەر کەسێک پشکی خۆی وەربگرێت و پشتگوێیان نەخەن، چونکە بە وەڵانانی کورد و سوننە ئەم حکوومەتە سەر ناکەوێت.

ناتۆ: لە ئیدلب هیچ پشتیوانییەکی سەربازی سوپای تورکیا ناکەین

K24/ ناتۆ ڕایگەیاند، هیچ پشتیوانییەکی سەربازی سوپای تورکیا ناکات، بۆ ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی لە باکووری سووریا. سەرچاوەیەکی بەرپرس، لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسی، بە ئاژانسی هەواڵدەری "تاس"ی ڕووسیای ڕاگەیاندووە، ناتۆ هیچ پشتیوانییەکی سەربازی سوپای تورکیا ناکات بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە باکووری سووریا، بە تایبەتی لە سنووری پارێزگای ئیدلب. ئەو سەرچاوەیە، کە وەک دیپلۆماتکار لە نێردەی وڵاتێکی ئەندامی ناتۆیە لە بڕۆکسل، ڕاشیگەیاندووە، وڵاتانی ناتۆ نایانەوێت و پشتیوانی ئەوە ناکەن، بەندی پێنجەمی پەیمانەکە کارا بکرێت، کە تورکیا بە هۆی کۆڕانی چەند سەربازێکی لە سنووری ئیدلب داوای کردبوو.

ڕەوەندی کورد بەشداری کارای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن بەرز دەنرخێنن

سامان محەمەدئەمین: هەڵێکی باش بۆ حکوومەتی هەرێم هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەوەی سوود لە هۆڵەندا و شارەزاکانی وەربگرن

جوان کەریم (ئابووریناس): هۆڵەندا لەبوارەکانی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە گرنگییەکی باشی بۆ هەرێم دەبێت





ساسان دەروێش- هۆڵەندا

سالانە لە ناوەڕاستی مانگی شوبات، کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، بۆ پرسە گەرمەکانی جیهان، سەرکردە و بەرپرس و ڕاوێژکاران لە زێر یەک چەتر کۆدەکاتەوە، بۆ گفتوگۆکردنی نێوانیان لەو بابەتانەی گرنگیان بۆ جیهان هەیە و دڵنیایی بوون و دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایشی جیهان و کەڵەکەبوونی قەیرانەکانی جیهان و هەڕەشەی بەردەوام و هەمەجۆرەکان و چۆنیەتی ڕێگری لێیان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان و نزیککردنەوەی هەوڵەکانیان، چەندین دیدار و کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێت.

ئەمساڵیش وەکو هەموو ساڵەکانی تر کە 56هەمین ساڵەی کۆنفرانسەکە بوو لە وڵاتی ئەڵمانیا ئەنجامدرا، چەند ساڵێکیشە شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکو وڵاتێک بانگهێشتی فەرمی دەکرێت، ئەمەش بەهۆی پێگەی بەهێزی کوردستان لە هاوکێشەکانی جیهان و بەهێزی کاری دیبلۆماسیەتی کوردەوەیە، ئەوەی جێگەی باسە ئەمساڵ شاندێک بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربوون و بەکۆمەڵێک کۆبوونەوە و دیداری گرنگیان لە ماوەی ئەوچەند ڕۆژە لەگەڵ بەرپرسانی بڕیار بەدەستی ئەورووپاو جیهان و دەرئەنجامی باشی دەبێت بۆ ئایندەی باشوری کوردستان لە پەیامی پاڵپشتیکردنی زیاتریان بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان و هاودۆستی زیاتریان دووپات کردۆتەوە. هەروەها لە کۆبوونەوەکانیش مەسرور بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکانی لە چوار چێتوەی کۆنفرانسەکە لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی بەشدار خستەڕوو و ڕایگەیاند تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەلای دۆستەکانی لەبەر چاو گیراوە و کۆبوونەوەی زۆر باشمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەگەڵ بەشداربووانی کۆنفرانسەکە ئەنجامداو لە ئایندەشدا ئاکامی باشی دەبێت.

ڕەوەندی کورد لە هۆڵەندا باس لە گرنگیی کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی و هۆڵەندا مارک ڕووتە دەکەن.

سەرەتا کاروان عوسمان مەجید مامۆستای زانکۆ لەو بارەیەوە دەڵێت: پێم وایە هەموو دیدار و گفتوگۆکان لەسەر ئاستی بەرز و بەرپرسیاریەتیدابوون کە ئاکامی باشی دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، ئەویش بەهەوڵ و هیمەتی دیبلۆماسیەتی کاکە مەسرور بارزانی و کارنامەی حکوومەتەکەی و هەنگاوە خێراو باشەکانی دەبڕێت، ئێمە وەک نیشتەجێی هۆڵەندا ئەو کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و هۆڵەندا بەرز دەنرخێنین لە زیاترپەیوەندیکردن و هاوکارییەکانی هۆڵەندا بۆ هەرێمی کوردستان و هەر لەو هەیە و دەبێت بەپێی دەستوور مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا ڕایگەیاند کە پەیوەندییەکی بە هێزمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و بەردەوامیش دەبین لە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، گوتیشی هانی کۆمپانیاکانی هۆڵەندا دەدەین بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنانی هۆڵەندی لەهەرێمی کوردستان و ستایشی بەرنامەی چاکسازیی کارگێڕی و دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و ئامادەیی خۆیشی بۆ هاوکاریکردنی دەربڕی. لە بەرامبەریشدا مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتیوانی هۆڵەندای کرد وتیشکی خستە سەر بەرنامەی کابینەی نێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەمە چەشنکردنی ئابووری و گرنگیدانی زیاتر بەپرۆسەی وەبەرهێنان، ئەم دۆستایەتیە و هاوکاریکردنەیان بۆ ئێمەی کوردیش کارێکی باشە کە چاو لە ئەزموونی ئەوان بکەین بۆ کاروباری ژیانی خۆمان. هەروەها سامان محەمەدئەمین حەسەن ئەفسەرە لەهێزەکانی پۆلیسی هۆڵەندا دەڵێت: هۆڵەندا دوو لەسەر سێی خاکەکەی دابینکراوە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و یەک لەسەر سێی بۆ ژیان و ڕێگاوبانی شەمەندەفەر و ڕێگاوبانی ئۆتۆبان و فڕۆکەخانەکان و ناوچەی گەشتوگوزار، کەرتی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ داهاتێکی هێندە باشە بۆ ئەم وڵاتە کە لەم بوارەدا شارەزایی و توانایەکی زانستی بەرزیان هەیە بۆ بەردەوام بوون لێی، لە بەرنامەی 5 ساڵی تری وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا هاتووە کە دەخوازن، پەرە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردستان بدەن لە بواری جیاجیادا، لە ئێستەدا هەڵێکی باش بۆ حکوومەتی هەرێم هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەوەی لەم وڵاتە و شارەزاییەکانی سوود وەربگرن.

لە کۆتاییشدا جوان کەریم مستەفا ئابووریناس لەو بارەیەوە گوتی: جێگەی خۆشحاڵیمانە هەرێمی کوردستان بە پێگەیەکی بەهێزەوە بەشداری کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان دەکات بە لێزانین و کارایی کاری دیبلۆماسیەت و بالانس ڕاگرتنی هاوکێشەکان، بەتایبەتی هۆڵەندا گرنگیەکی باشی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە بۆ هەرێم دەبێت و بووە، هەروەک بینیمان لە جەنگی تیرۆریستانی داعش بە فرۆکەی جەنگی و ڕاهێنەری هۆڵەندای بۆ مەشق کردن بە پێشمەرگە هاوکاریان کردین بۆ سەرکەوتنمان بەسەر ئەو نامرۆڤانەی داعش، هۆڵەندا لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی گوڵ پلەی یەکەمی جیهانی هەیە، ئاژەڵداری و کشتوکاڵ، دوو کۆڵەکەی سەرەکی ئابووریی هۆڵەندان، لەگەڵ بچووکی ڕووبەری وڵاتەکەشیان دیسان هۆڵەندییەکان ڕۆڵێکی کارا و بەرچاویان هەیە لە بازرگانی و پیشەی بانکداری جیهانیدا، بەهەموو ئەمانەو شتی تریش کە ئابووری وڵاتەکەیان خستۆتە ئاستێکی بەرز، ئەزموونێکی دەوڵەمەندییان هەیە، دەکرێ ئێمەی کوردیش لەو ئەزموونەیان بگوازینەوە بۆ وڵاتەکەمان کە نیشتیمانی کوردستان خاکەکەی زۆر بەپیتە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کە بەهەردووکیان جێگەی نەوتمان بۆ بگرنەوە کە لە کارنامەی حکوومەتەکەی ڕێزدار مەسرور بارزانی ئاماژەی بۆ کرا کە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بپێتە لەپێشینەی کارەکانی و جێگەی دەستخۆشیشە کە ئەم جارەش ئەو داوایەی خستە بەردەم هۆڵەندیەکان بۆ هاوکاریکردنمان.

بۆ یەکەمجار لەمێژوودا

بەهۆی سووتاندنی ئاڵای ئیسرائیل دادگای وڵاتێکی عەرەبی هاووڵاتییەک بە 3 ساڵ زیندانی حوکم دەدات

عەبات/ مەریوان نەقشبەندی

لە بڕیارێکدا کە هاوشێوەی نەبووە لە سەرجەم وڵاتانی عەرەبیدا، دادگای بەحرەین سزای 3 ساڵ زیندانی بەسەر هاووڵاتییەکی بەحرەین دەدات بەهۆی ئەوەی ئاڵای ئیسرائیلی سووتاندووە.

ڕۆژنامەی "البلاد"ی بەحرەینی لە هەواڵێکدا کە لەژمارەی ڕۆژی یەکشەمە بڵاوبۆتەوە ئاماژە بۆ حوکمێکی سەیر دەکات کە لە میژووی دادگاکانی وڵاتانی عەرەبی هاوشێوەی نەبووە و دەڵێ هاووڵاتییەکی بەحرەینی لەڕۆژی قودسدا لەسەر شەقامێکی گشتی ئاڵای ئیسرائیلی سوتاندوە و بەهۆیەوە دادگای باڵای تاوانەکان لەبەحرەین بە 3 ساڵ زیندانی حوکمی داوە"دادگای ناوبراو بەبێ ناوهێنانی سوتاندنی ئاڵای ئیسرائیل دەڵێ ئەو هاووڵاتییە کاری گێڕشێوێنی کردووە لەشوێنی گشتیدا و بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتەی کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئاژاوە و کەراهیەت لەناو هاووڵاتییاندا و هاندان بێت دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی بەحرەین ئەم بڕیارەی دەرکردووە.

ئەم حوکمە بۆتە هۆی ئەوەی کاردانەوەی جەماوەری لە سەرتاسەری بەحرەین و وڵاتانی عەرەبی بەدوادا بێت لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەو پێیەی یەکەم جارە لە میژوودا لەسەر سووتاندنی ئاڵای وڵاتێک کە هێشتا وەک "دوژمن" لەلای زۆربەی وڵاتانی عەرەبی سەیر دەکرێت، هاووڵاتیەکی بەحرەینی بەم حوکمە قورسە لەلایەن دادگاوە سزا بدرێت.

شایانی باسە لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل ئاسایی کردۆتەوە، بەڵام لەچەندین بۆنەدا کورد تۆمەتبار دەکرێت بەوەی کە دۆستی ئیسرائیل و خەڵکی کوردستان تۆمەتبار دەکەن بە هاوسۆزی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل.



لەبارەی گەڕاندنەوەی پاشماوەکانی داعش بۆ شنگال هۆشداریی دەدرێت

بەرپرسێکی پارتی لە شنگال ڕایگەیاند هێنانەوەی خێزان و پاشماوەکانی داعش لە سووریاوە بۆ سنووری شنگال دەبێتە هۆی بەهێزبوونەوەی داعش و لەمبارەیەوە هۆشداریی دەدات و دەڵێ نارەزاییەتیەکانمان گەیاندووەتە شوێنی مەبەست.

ئیدریس زۆزانی بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی 17ی پارتی لە مووسڵ بە خەباتی ڕاگەیاند: حکوومەتی ناوەند کەمپێکی گەورەی لە گوندی (عەمەلە) ی ناحیەی زومار لە قەزای شنگال کردووەتەوە بەمەبەستی گەڕاندنەوەی خێزان و پاشماوەی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کە ئێستا لە کەمپی هۆڵی سوریا دەژین، بەگەڕانەوەی ئەو پاشماوانەی داعش دۆخی ئەمنی ناوچەکە بەتەواوی دەشێوێت چونکە بەدڵنیاییەوە داعش بەهێز دەبێتەوە و مەترسی زیاتر دەبێت بۆ سەر خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانە.

ڕاشیگەیاند: بەمەبەستی گەیاندنی نارەزایی و ترسی خەڵک لە گەڕانەوەی خێزان و پاشماوەکانی چەکدارانی تیرۆریستی داعش، پەیوەندیمان بە سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری پارێزگاری مووسڵ کردووە، بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی پاشماوەکانی داعش چونکە دەبنە مەترسی ڕاستەوخۆ بەتایبەت لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

ئەو بەرپرسەی پارتی ڕوونیشی کردەوە: بڕیارە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پرسە لەگەڵ بەغدا باس بکەن و هەموو هەوڵێک بدەن بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی پاشماوەکانی داعش بۆ ناوچەکە، چونکە کەمپەکە دەکەوێتە نێوان شنگال و زومار کە شوێنێکی زۆر هەستیارە سەبارەت بەکورد، خەڵکی ئەو ناوچەش کە لەگەڵ داعشن زۆر دەمارگیر و دڵڕەقن بەرامبەر بە کورد.

دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست لە قۆناغی کۆتایی دایە

وتەبێژی وەزارەتی دارایی: داوای بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەستمان لە وەزارەتی پەروەردە کردووە

خەبات/عەلی بانیشاری

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست کە ژمارەیان زیاتر لە 5 هەزار مامۆستایە لە قۆناغی کۆتایدایە. وەزارەتی دارایی بۆ بە هەمیشەیکردنی مامۆستایانی گرێبەست دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەوەشی گوت: بۆ بە هەمیشەیکردنی مامۆستایانی گرێبەست ئەوەی پەیوەست بێت بە وەزارەتی دارایی و بە دڵنیاییەوە جێبەجێ دەکرێت.

ئاماژەی بەوەشدا دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست لە قۆناغی کۆتاییدایە. لەبارەی کاتی گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران ناوبراو گوتی: ئەوە پەیوەستە بە باشتربوونی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە دابەشکردنی موچە و هۆکاری نەگەیشتنی پارەی بەغدا؟ وتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری گوتی: موچە هەموو 30 رۆژ جارێک دابەش دەکرێت.

بەهۆی هەندێک ڕێوشوێنی ئیداریەوە تائێستا تەمویلی بەغدا نەگەیشتووە و لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بۆ ئەو مەبەستە لەسەر خەتێن.

هەروەها ئەحمەد عەبدولڕەحمان گوتیشی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی موچە بە موچەخۆران پشت بە سێ سەرچاوەی داهات دەبەستێت کە ئەویش داهاتی نەوت و ناوخۆ و پارەی بەغدایە.

2019/12/24 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەستی دا. 12ی ئەم مانگەش سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 1669 بۆ دەستپێکردنی مامەڵەی کۆتایی دامەزراندن ناوی مامۆستایانی گرێبەستی ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە-میلاک کرد.





بنیامین نەتانیاهۆ:
تەنها لەگەڵ سێ وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی پەیوەندیمان نییە

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئاشکرای دەکات، وڵاتەکەی جگە لە سێ وڵات، پەیوەندیی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی هەیە. بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە کۆنگرەیەکی سەرۆکی رێکخراوە جوولەکەکانی ئەمەریکا، رایگەیاندووە، ئیسرائیل بە ئاشکرا پەیوەندیی لەگەڵ 10%ی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلی هەیە.

بنیامین نەتانیاهۆ ئاشکرای کردووە، بەشێوەی نهێنی، وڵاتەکەی پەیوەندیی لەگەڵ هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی هەیە جگە لە سێ وڵات، کە ناوەکانی ئاشکرا نەکردوون. لەبارەی کۆبوونەوەی لەگەڵ عەبدولفەتاح بورهانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەروەریی سودان، نەتانیاهۆ رایگەیاندووە، لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە، گەشتیارانی ئیسرائیلی دەتوانن بە سێ کاتژمێر کەمتر و بە بەکارهێنانی ئاسمانی سودان، بگەنە وڵاتانی ئەمەریکای باشوور.

نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی چەکی ڕاو لە خۆپیشاندانەکانی عێراق دەکات



نێردەی تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری عێراق داوای لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی چەکی ڕاو لەناو خۆپیشاندانەکانی عێراق دەکات. دوێنێ دووشەممە جێنین هێنس پلاسخارت، نێردەی تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری عێراق (یونامی)، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، یونامی لێکۆڵینەوە لەبارەی بەکارهێنانی چەکی ڕاو لەناو خۆپیشاندانەکانی عێراق لە ڕۆژانی 14 و 15 و 16ی ئەم مانگە لەنێوان گۆڕەپانی تەحریر و خەلانی، دەکات.

جێنین هێنس پلاسخارت هەروەها ڕایگەیاندووە، ئەو زانیارییانەی بەوان گەیشتوون باس لەوە دەکەن، کە بەهۆی بەکارهێنانی چەکی ڕاو لەناو خۆپیشاندەرانەوە، لانی کەم 50 کەس لە بەغدا، بریندار بوون.

نێردەی تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری عێراق ئاماژەی بە بەکارهێنانی هاوشێوەی چەکی ڕاو لەناو خۆپیشاندانەکانی کەربەلا کردووە، کە بووەتە هۆی برینداربوونی 150 کەس لە مانگی 1ی ئەمسال. جێنین هێنس پلاسخارت سەرکۆنەی بەکارهێنانی چەکی ڕاو دەکات و داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە بکات و ئەوانەی بەرپرسیارن سزا بدات.

خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی 2019/10/1ەوە لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و بێکاریی گەنجان، دەستیان پێکرد.

بەهۆی خۆپیشاندانەکان و کەوتنەوەی تونددوتیژی تێیاندا، زیاتر لە600 هاوواڵاتی و کارمەندی ئەمنی گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە 16 هەزاری دیکەش بریندار بوون، جگە لە کەمئەندامبوونی 700 کەس و ژمارەکانیش بەردەوام لە بەرزبوونەوە دان.

چین... ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بەرزوونەوەیە

ژمارەی ئەو کەسانەی لە چین بەهۆی پەتای جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا وە گیانیان لەدەستداوە، بەرزبووەتەوە بۆ هەزار و771 کەس. بەپێی ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەندروستی چین، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە لەو وڵاتە گەیشتووەتە 70 هەزار و548 کەس، لەو ژمارەیەش باری تەندروستی نزیکەی 10 هەزار و644 کەسیان ناجێگیرە. هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە هەزار و 771 کەس کە یەکێکیان لە هۆنگ کۆنگە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە لە کاتێکدا ژمارەی ئەوانەی گومانی توشبوونیان بە ڤایرۆسەکە لێدەکرێت دابەزیوە بۆ حەوت هەزار و 264 کەس، ژمارەی ئەوانەی خراونەتە ژێر چاودێریەوە 150 هەزار و 539 کەسن. ژمارەی ئەو کەسانەی دوای وەرگرتنی چارەسەر نەخۆشخانەیان جێهێشتووە گەیشتووەتە 10 هەزار و 844 کەس.

سوپای سووریا کۆنترۆڵکردنەوەی دەیان گوند و شارۆچکەی لە گوندەوارەکانی حەلەب ڕاگەیاند

دوێنێ دووشەممە 2020/2/17 سوپای سووریا کۆنترۆڵکردنەوەی دەیان گوند و شارۆچکەی لە گوندەوارەکانی حەلەبی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا ڕاگەیاند و جەختیشی کردەوە، لە بەردەوامبوونی بەردەپێشچوونی مەیدانی.

فەرماندەیی گشتی سوپا و هێزە چەکدارەکان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، بەچەند هەنگاوێکی ورد و ژیرانە و نۆپەراسیۆنی جۆرێتی پاڵەوانەکانی سوپای سووریا بەردەوامن لە بەردەپێشچوونەکانیان و سوورن لەسەر ریشەکێشکردنی تیرۆری تەکفیری و ڕەگەکانی و، لەناوبردنی بکوژەکان کە دەیانویست ئیرادەی خەڵکەکە لە ناوچەکە بسڕنن، دەستبەسەرداگرتنی خەڵکی و بەکارهێنانیان وەک قەڵغانی مرۆیی بەمەبەستی کۆسپ دانان لە بەردەم بەردەپێشچوونی سوپا و دواخستنی لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوە چەکدارانە کە پۆلینکراون بەگوێرەی یاسایی نێودەوڵەتی لەنێو لیستی تیرۆر.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان.. هەشت کۆڵبەر بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران بوونە قوربانی



ئێوارەی دوێنێ لە سنووری شارۆچکەی نەوسوودی سەر بە "پاوە" لە پارێزگای کرماشان، لە ئەنجامی دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ئێران کۆڵبەرێک کوژراوە و حەوت کۆڵبەری دیکەش بریندار بوون. ئەرسەلان یارئەحمەدی بەرپرسی مالپەڕی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ لەمبارەوە بەخەباتی ڕاگەیاند ، کە لە نزیک سنووری "شۆشمێ"ی سەر بە شارەدێی نەوسوود لە پارێزگای کرماشان، هێزە ئەمنییەکانی ئێران پۆلێک کۆڵبەریان داوەتە بەر دەستڕێژ و کۆڵبەرێک بەناوی "ئەحمەد سەحرایی" خەڵکی گوندی "دشە"ی سەر بە پاوە گیانی لەدەست داوە و حەوت کۆڵبەری دیکەش بریندار بوون.

بەپێی هەمان سەرچاوە، لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە حەوت کۆڵبەری دیکە بەناوەکانی "عەزیم ئەمینزادە، جەبار مەحەمەدی، زاهید نووری، شاهید، ئەدال، تەها سەلمانی، جەلال نووری و ڕەسوڵ هووشی" بریندار بوون.

بەپێی دواینی ئاماری ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە سەرەتای ساڵی 2020ەوە هەتا ئێستا لە سنووەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئەنجامی تەقەی هێزە ئەمنییەکان و ڕووداوی سروشتی پێنج کۆڵبەر کوژراون و زیاتر لە30 کۆڵبەری دیکەش بریندار بوون.

فارس قادر فەقێ عەبدوڵڵا*



راست بڕۆ !!! ....

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت "راست بڕۆ بڕۆ ڕێی شێری" پێم وایە کەس نییە گوێبیستی ئەو پەندە نەبووبێ، مانای پەندەکەش ئاسانە و مەبەست لێی ئەوەیە گەر مرۆڤ راست بێت و پێچ و پەناو فرتوفێڵی نەبێت و راستگۆ و دەستپاک و خاوێن بێت، کەواتە بێباکە و ترسی لە هیچ نییە... بارزانیی نەمریش فەرموویەتی "ئەوەی پاکە لە موحاسبە بێ باکە" دیارە بێباکی و خاوێنی و راست ڕۆیشتن و راست گوتن هەمووی پێناسەی مەردایەتی و ئازایەتی مرۆڤن، بۆیە گوتراوە گەر راست بووی بڕۆ ڕێی شێری، کەواتە سەربەرزی و بێ منەتی... کەچی ئەمرۆ ئەوەی دەبینڕێ لەو سەردەمە دەقاودەق پێچەوانەی ئەو پەندەیە و ڕاستی مایەی سەر ئێشەیە، جا مرۆڤ نازانێ چۆن قەناعەت بەخۆی بێنێ ئەو ڕێیەی کە شێر تێیدایە کام ڕێگەیە، چونکە گورگ و ڕێوی هێندە زۆر بوونە ڕێگای شێر و شێرخوازان و شێردۆستانیان شێواندووە وێنەی ئاوی بەرچاویشیان شێلوو کردووە.

کەواتە گەر مرۆڤ ڕاست بڕوا گورگ دەیخواو ڕێویش گاڵتەی پێدەکات و لە کۆتاییش شێر لێی بێئاگاو دەرئەنجام ڕەشەبا یان لافاو لاشەی دەبات و بزریشی دەکات و وای لێدێت قەڵەرەشکەو سیسارکە کەچەریش بەشێک لە جەستەی بخوات "بەڵێ ڕاست بڕۆ بڕۆ ڕێی شێری" یان لەو سەردەمە باوی نەماوە یان هەر لە ئەساسەوە نەبووە و هەر وتەیەک بووە و گوتراوە! بەخوا وەک مەسەلەکەی گوتەنی ئەو سەردەمە "ئەوەی ڕاست بڵێت کڵاوی دەپەڕێت" کە ئەمەشیان مەسەلەیەکی کوردییەو گوتراوە و پێچەوانەی ڕاست ڕۆیشتن و ڕێگای شێرە، بەڵێ شێر بێئاگایە و دەبێ پێی بگوترێ کڵاوی پەڕیو زۆرن، ڕۆژانەش کڵاو دەپەڕن! وە ڕاستی باجی لە سەرە! هەروەک ئەو وتەیەی کە لەو ماوەیەدا لە سۆشیال میدیاکان بەرچاوم کەوت و تەعلیقێکی لەسەرەو لەسەر وێنەیەک نووسراوە "خوار مورتاحە و ڕاست تێر شەقە" کە لەو وێنەیە دیاردەکەوێ.

چەندین بزماری خوار هەن چەکووشیان لەسەر نییە کەچی یەک بزماری ڕاست هەیە چەکووش لەسەر سەری حازر و ئامادەیە، بەڵێ ئەوەی ڕاست بێت لەو سەردەمە وەک ئەو چەکووشە هەر سەری هەڵبڕێ چەکووش دایدەکوتی! زۆر بە داخەوە دەکرێ لەسەر ئەو تەختە جوانەی لە بەردەستمانە ئەم بزمارە خوار و ژەنگاویانە یان لابدەین یان لە جیاتی ئەوەی ئەو چەکووشە لەسەر یەک بزمار دانێین بەر لەو بزمارە خواردکانی پێ ڕاست بکەینەوە... بەڵێ چاومان یەک بزماری ڕاست دەبینێ، لە ڕاستیشدا ئەو بزمارە توانای ڕاگرتنی ئەو تەختەیەی نییە بە تەنیا هەم لەگەڵ چەکووش لێدان هیلاکی دەکەین و هەم دەیڕزێنینەوە، جا چاکتر وایە و پێویستە چەکووشەکەمان ڕابگرین، یان کۆمەڵێک بزماری ڕاست بێنین کە ڕاست بڕۆن تا تەختەکەمان بۆ ببەستنەوە و ژێر پێی شێر تونەد بکەن یان بزمارە خوارە ژەنگاویەکان ڕاست بکەینەوە. هەر چەندە هیلاکیش دەبین و ئەستەمە بەو خوارانە کاربکەین، بەهەرحاڵ گەر بەهەمان عەقلییەت کاربکەین کە لەو وێنەیەدا هاتووە چەکووش لەسەر یەک بزمار دانێین و ئەو بزمارە هەر چەند پۆڵاین بێت بەڵام لەناو تەختەکە بزر دەبێ و سەربشی بە چەکووش پان دەبێتەوەو ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکو "بەردی بن گۆمێ"ی لێ دێت و ون دەبێ... دەرئەنجامیش بە تەختەوە وەردەگەڕێ، بزماری خوارش لە قاچمان ڕادەچێ و ئەوەی خراپە پێمان دەکات.

دەبا بڕیار بدەین بزمارە خوار و ژەنگاوییەکان فڕێ بدەین و کات بەو بزمارە خوارانە نەکوژین و بزماری ڕاست زۆرن سوودیان لێ وەرگرین، ئەو ڕاستەی ماون لەناو خواران چەکووش لەسەر سەریان هەڵگرین تا ئەو هێندەی ماوە ئەویش بزر نەکەین گەر هەموو بزمارەکان ڕاستبن و ڕاست بکەینەوە ئەوکات دەچینە ڕێی شێر و تەختەی بن پێمان قایم دەکەین، کە شێریش بەئاگابوو لە مەملەکەتی خۆی گورگ و چەقەل لەناودەبەین و مەملەکەتێکی جوان و جوانتر دروست دەکەین، ئەوکات گومان لە پەندە کوردیەکانیشمان ناکەین لە جیاتی بنووسین "ڕاست بڕۆ)!! دەنووسین "ڕاست بڕۆ بڕۆ ڕێی شێری".

*** ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر (پ.د.ک)**

بەئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و پارێزگاری هەولێر
کۆیە.. نووسینگەی پاسپۆرت کرایەوە



ڕۆژی 2020/2/17 بە ئامادەبوونی د. ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی و د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و شاندێکی حکومەتی عێراقی و ژمارەیەکی دیکە لەبەرپرسان، نووسینگەی پاسپۆرتی کۆیە لە شارۆچکەی کۆیە کرایەوە.

کردنەوەی نووسینگەی پاسپۆرت لەشارۆچکەی کۆیە، کە 85 کارمەندی بۆ دابین کراوە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ دانیشتوانی سنووری شارۆچکەکە دەکات و لێی سوودمەند دەبن و چیتر خەڵکی ئەم دەڤەرە بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت ڕوو لە شاری هەولێر ناکەن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو نووسینگەی دەرهێنانی پاسپۆرتی لە سۆران و زاخۆش کردەوە، ئەوەیش لە پێناو گواستنەوەی خزمەتگوزارییەکان و دەمەڵاتەکان لە ناوەندی شارەکان بۆ شارۆچکەکان و خزمەتکردنی هاوواڵتیان و نزیکردنەوەی ڕێبەرسمەی کردنەوەی نووسینگەی پاسپۆرتی کۆیەش وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا باسی لەوە کرد، لە داهاتوویەکی نزیکدا نووسینگەی پاسپۆرت لە چەمچەماڵیش دەکەنەوە.

پاشان پارێزگاری هەولێر وێڕایی سوپاس بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوخۆ و هەموو ئەو فەرمانگە و لایەنانەی ماندوو بوون بە کردنەوەی ئەم نوسینگە ڕایگەیاند: " پیرۆزبایەکی گەرم لە دانیشتوانی خۆشەویستی شاری کۆیە دەکەم بەسەرجەم ناحیەکانییەوە بۆ کردنەوەی ئەو نووسینگەیە، دانیشتوانی کۆیە کە ژمارەیان لەسەرووی 100 هەزار کەسە کردنەوەی ئەو نوسینگە پێویست بوو کارئاسانی زۆر بۆ دانیشتوانی کۆیە دەکات، لەمڕۆ بەدواوە وەکو دانیشتوانی کۆیە و دانیشتوانی تەواوی ناحیەکانی سەر بەم شارۆچکەیە دەتوانن لێرەوە لەم نوسینگەیە بەبنە خاوەنی پاسپۆرتی خۆیان.

بەڕێسی لقی دووی پێشوازی لە کونسوڵی گشتی ئێران دەکات
پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا جەختیان لێکرایەوە



پێش نیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 17ی شوباتی 2020 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق، پێشوازی لە نەسرولڵا ڕەشنوودی سەرکونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران و شاندی یاوەری کرد لە هەولێر. لەو دیدارەدا پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا جەختیان لێکرایەوە لەبواری سیاسی و ئابووریدا، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانیش سوپاسی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد کە لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکان هاوکاری خەڵکی کوردستانیان کردووە، جەختیشی کردەوە لەوەی بوونی دەروازەکان و هێڵەکانی ئاسمانی نێوان هەردوولا بوونەتە فاکتەری جموجۆڵێکی بەهێزی بازرگانی و ئابووری کە سوود بە هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەگەیەنێ، ئومێدی خواست لەو بوارەدا هەماهەنگی زیاتر بکەن. لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا،بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و کونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر،باسی بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو عێراقیان کرد، ئومێدیان کرد خۆپێشاندەران بەشێوەیەکی ئاشتیانە داواکانیان ئاڕاستەی حکومەت بکەن بێ ئەوەی زیان بە دامەزراوەکانی دەوڵەت بگەیەنن، کونسوڵی گشتی ئێران سوپاسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد کە هاوخەمی ئێرانیەکانیان بوون و بەشداریان لە پرسەی قاسم سولەیمانیدا کرد.

بەڕێسی لقی 16:
یەکێتی ئافرەتان لە ماوەی خەباتیدا هیچ کاتێک لە خزمەتکردن کۆڵی نەداوە



بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی بەئامادەبوونی خاتوو سامیە شێروانی کارگێڕی لق، لەگەڵ ستافی سکرتاریەت و ئەنجوومەنی دەوروبەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆبوونەوە. لەمیانەی کۆبوونەوەکەیاندا لەلایەن ستافی سکرتاریەت و ئەنجوومەنی دەوروبەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە کورتەیەک لەکارو چالاکی و ئەو پرۆژانەیان خستەڕوو کە لەماوەی ڕابردوودا ئەنجامیانداوە لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری ئافرەتانی کوردستان و کارنامەی داهاتووی ڕێکخراوەکەیان خستەڕوو بۆ گفتوگۆ تاووتوێکردن و دەوڵەمەندتر کردنی کارنامەکەیان بۆ ئەوەی بەباشترین شێوەو زۆرترین خزمەت بەئافرەتانی نیشتمانەکەمان بکرێت. لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، بەرپرسی لقی 16ی هەولێر کاروچالاکی و ڕۆڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی بەرز نرخاند لەخزمەتکردن بەتوێژی ئافرەتان بەتایبەتی و نیشتمان و نەتەوەکەمان بەگشتی و لەوپێناوشدا لەقۆناغە جیاجیاکانی خەباتیدا هەوراز و نشێوی زۆریان بینیوە بەڵام هیچ کاتێک کۆڵیان نەداوە میژووی دوورودرێژی پڕ سەروەریشیان شایەتی ئەمەن بۆیە ئەوپەڕی شانازییە ئەوەی لەتواناماندا بێت خزمەت بەو ڕێکخراوە بکەین و هاوکاریان بین بۆ سەرخستنی کارەکانیان.

ترانشی: دڤێت ئەم پشت گەرمێن وان کەسا بین بێن تەنگاڤیا خوە ل گەلێ مە کریە خودان

سەربەست ترانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا و پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ئەڤرو دگەل هژمارەکا بەرچاڤا کەسایەتی و ماموستایێن ئایینی بێن سەنتەرێ پاریزگەها دهۆکێ کومبوو.

دڤێ رینشتنێ دا بەرپرسێ لقێ چەند بابەتێن گرێدایی ب ڕەوشا ئەڤرو یا عیراقێ و کوردستانێ بتایبەتی بەحسکرن و گوت : هێن وەکو تەخەکا بەرچاڤێن د جڤاکی دا کو ڕۆلەک کریگەر د بینن دڤێت ئەم هەست ب بەرپرسیارەتیا خوە بکەین لهەمبەر ماف و ئەرکێن خوە چونکیچەند دەست کەفتی بێن مە مەزن دبن هند دوژمنێن مە زور دبن و ئەم پشت گەرمێن وان کەسا بین ئەوێن ل تەنگاڤیا خوە ل گەلێ مە کریەخودان، و ئەڤرو ژی ئەو پێنگاڤێن هاتینە هاڤێتن ژ لایێ ڕێزداران نێجریڤان بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ و مەسرور بارزانی سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ل داڤوس و کونفرانسێ ئاسایشا میونشن ل وان دیدار و کومبوونا لسەر ئاستێ دونیایێرەنگەڤەدانێن هەری مەزن ب خوەڤە دیتن چ لسەر ئاستێ سیاسی بن یان ئابوری بن ئا ئەولەهی بن و ئەم باوەرن کو ئاسویێن گەشتر یێ لپێشیا مە و ئەم سوزێ د دەینە مالبات و کەسوکارێن شەهیدان کو دیکەفتێن ڕێبازا وان بین تا دگەهینە ئارمانجا دوماهیکێ ئەو ژیسەربەخویا کوردستانێ یە، پاشرا بەرپرسێ لقێ گوهداریا داخوازی و پێشنیارێن وان کر.





پێنجوێن.. بە هۆکاری ڕاوکردنی باڵندە چوار ڕاوچی دەستگیرکران

لە سنووری قەزای پێنجوێن سەربە پارێزگای سلێمانی، چوار ڕاوچی دەستگیرکران و ڕووبەڕوی یاسا کرانەوە.

لە ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی-دا ئاماژە بەوە کراوە کە مەفرەزەیەکی بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی ناحیەی گەرمک بەهاوبەشی لەگەڵ بارەگای بەش لە دەرچوونێکی مەیدانیاندا توانیویانە چوار هاوواڵتی لەسەر ڕاوکردنی باڵندەی کێوی دەستگیربکەن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەی بەوەکراوە لەو دەرچوونەمەیدانیەدا هاوکات توانراوە دەست بەسەر دوو کەرویشک، 13 باڵندەی کێوی لە جۆری کەو، چوار چەکی جۆری تاپڕ،22 فیشەکی تاپڕ، دوو چەقۆ، یەک ئۆتۆمبێل و دوو لایتی دەستیدا بگیرێت. پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ دەستگیرکراوەکان کراوەتەوە و ڕووبەڕی یاسا کراونەتەوە.


دهۆک.. پەروەردا ڕۆژئاڤا پێشانگەهەک بۆ پتر ژ 6 هزار قوتابیان ڤەکر

خەبات ـ دهۆک

پشکا چالاکییێن قوتابخانان یا پەروەردا دهۆک ڕۆژئاڤا دوهی 2020/2/17 ب چاڤدێری و بەرهەڤبوونا عومەر عەلی تاها ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردا پاریزگەها دهۆکێ و ڕێڤەبەرێ پەروەردا دهۆک ڕۆژئاڤا و ڕێژەهەلات و هژمارەکا زۆر یا بەرپرسێن حزبی و حکومی و میهڤان و سەرپەرشتیار و مامۆستا و قوتابیان، پێشانگەها شێوەکاری و کارێن دەستی بۆ قوتابخانێن بنەڕەت و ئامادەیی ڤەکر.

پشتی بەرهەڤبوویان گەریانەک ل ناڤ پێشانگەهێ کری و کارێن قوتابیان ژ نێزیک دیتن دیاری ل سەر قوتابخانێن سەرکەفتی هاتنە بەلاڤکرن.

کەڤر کەمال بەرپرسێ پشکا چالاکییێن قوتابخانان دیار کر کو 6400 قوتابیان ژ92 قوتابخانان پشکداری د ڤێ پێشانگەهێ دا کریە و کارێ وان ژ لایێ لیژنەکا بسپۆر ڤە هاتە هەلسەنگاندن و ئەڤ ساڵە پشکداری گەلەکا باشبوو و هەروەسا کارێن باشی ژی ژ لایێ قوتابیان ڤە هاتبوونە دروستکرن و گۆڕت: 16 قوتابخانێن سەرکەفتی ژ هەرسێ قوناغێن بنەڕەت1 بۆ 6 و بنەڕەت 7 بۆ 9 و ئامادەیی ژ ئالییێ مە ڤە هاتنە خەلاتکرن.



ڕێکخراوی SPARKی نێودەوڵەتی سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدینی کرد

د.جەوهەر فەتاح سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بەوەکالەت لەدیوانی سەرۆکایەتی زانکۆدا پێشوازی لەشاندێکی ڕێکخراوی spark سپارکی نێودەوڵەتی کرد، ئەمەو لەسەرەتادا سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت کورتەیەک لەمێژووی زانکۆی سەلاحەدین و ژمارەی قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆ کرد، لەپاشاندا باسی لەچەند خاڵێک کرد بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی لەزانکۆ و چۆنیەتی بەرەو پێشچوونی لەهەمبو بوارەکاندا، هاوکات ڕێکخراوی سپارک لەچەند ساڵی ڕابردوودا هاوکاری قوتابییە ئاوارەکانی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستانی کردووە کە لەزانکۆی سەلاحەدین دریژە بەخوێندن دەدەن، ڕێکخراوی ناوبراو پڕۆژەی چەند ساڵەی داهاتووی خستە بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆ، تا ئەگەر هەر خاڵێکی زیاتریان هەبێ بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە لەداهاتوویەکی نزیکدا بیخەنە نێو پڕۆژەکە، لەمەوەش سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت چەندین خاڵی دیکەی خستەڕوو بۆ زیاتر هاوکاریکردنی قوتابیانی بەشە ناوخۆییەکان، هەروا هەمو هاوکاریەکی خستەڕوو بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان، جەختیشی لەوە کردەوە، کە تەوەری سەرەکی زانکۆ قوتابی و زانستە ئێمە لەم ڕێگەیەوە بەهەمو شێوەیەک لە کارەکان بەردەوام دەبین و هاوکاری هەمو ڕێکخراوەکان دەکەین بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان.

گەرمیان.. ئەو تۆمەتبارانەی تەقەیان لە پۆلیسی کەلار کرد دەستگیرکران

خەبات ـ سەربە یوسف:

پۆلیسی گەرمیان، دوێنێ دووشەمە سەرجەم ئەو تۆمەتبارانەی دەستیان هەبوو لەتەقەکردن لە خاڵێکی پۆلیسی 104 دەستگیرکران. موقەدەم عەلی جەمال قەدوری، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی پۆلیسی گەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند:" دوای ئەوەی شەوی یەکشەمەی ئەم هەفتەیە چەن کەسێکی نەناسراو بەئۆتۆمبێلێک لەجۆری تویتا تەقەیان لەخاڵکی پۆلیسی فریاکەوتن 104ی کەلار کردو هەڵاتن دوای دەست بەسەراگرتنی ئۆتۆمبێلەکەیان لەلایەن پۆلیسەوە سەرجەم ئەوتۆمەتبارانەی دەستان هەبووە لەهاوکاری کردن و تەقەکردن لەخاڵێکی پۆلیسی 104ی کەلار دەستگیرکران کە ژمارەیان پێنج تۆمەتبارە و لەئێستادا بەبڕیاری دادوەرو بەپێی مادەی 430 بەندکراون. وتیشی :" پێش دەستگیرکردنی تۆمەتباران ئۆتۆمبێلەکەیان دەستی بەسەرداگیرابوو.

زاخۆ.. گرێبەستی پرۆژەیەک بۆ ڕاکێشانی هێڵی 132 KV واژوو کرا

بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەیەک بۆ ڕاکێشانی هێڵی 132 کەی ڤی نێوان وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای کاشێ و بەستنەوەی بە وێستگەیەکی گۆڕینی کارەبا گرێبەستێک بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گرنگی ڕاکێشانی کارەبا بەدرێژایی 50 کیلۆمەتر واژووکرا. ئەندازیار کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا گرێبەستێکی لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای ستێر- شاندز بەگوژمەی 9 ملیۆن و 620 هەزار دۆلار واژووکرد، لە ڕێورەسمی واژووکردنی گرێبەستەکەدا وەزیری کارەبا سوپاسی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکە لەزاخۆ، ڕایگەیاند: خەڵکی زاخۆ شایەنی پرۆژەو کاری گەورەن و چەندین ساڵە وێڕای فراوانبوونی شارەکەیان ژێرخانی گواستنەوەی کارەبایان بەپێی پێویست نییە ڕاکێشانی ئەم هێڵەش سوودێکی زۆری بۆ بەکارخستنی ئەو وێستگەیە دەبێت کە تەواو بووەو بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە نەتوانراوە ببەسترێتەوە بە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباوە.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان تۆڕێکی هەمیشە کاراو بەردەوام نوێبوونەوە



نێچیرڤان حوسێن:
یەکێتی قوتابیانی کوردستان رۆڵی پێشەنگیان بینییوە لەو وێستگە مێژووییانە کە دەستکەوتەکانی ئەمڕۆیان لێ بەرهەم هاتووە.



د. محەمەد سدیق:
یەکێتی قوتابیانی کوردستان زۆر کەسایەتی ناودارو پسپۆری بلیمەتی ناو بوارە زانستە جۆراوجۆرەکان و کەسایەتی روناکبیرو سەرکردەی مەزنی پێگەیاند.

خەبات:تریفە ئازاد

هەموو ساڵێک لەم میژووەدا بیرەوەری ساڵیادی دەمەزراندنی (ی.ق.ک) دەکرێتەوە ئەو تۆڕە کارایەی وەکو خۆری کۆمەڵگا دێتە هەژماردکردن چونکە هەم ڕێنیشاندرو هەم ڕۆشنکەرەوەی ئایندەی کۆمەڵگان لە ئێستا دا (ی.ق.ک) ئامادەییەکانی خوێندن تا دەگاتە زانکۆ و پلە بالاکان لە جموجۆل و چالاکی بەردەوام دان بۆیە ئەم بۆنەیە هەڵدەقۆزینەوە بۆ ورژاندنی چەند پرسیارێکی هەستیار.



هاوار کەلهوری:
پێویستە یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەت هەلی کاری زیاتر بۆ قوتابیان برەخسێنێ.

پ.د. محەمەد سدیق خۆشناو سەرۆکی زانکۆی لوبنانی فەرەنسی لە یادی 18ی شوبات باس لە ڕۆڵی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکات لە ڕابردوو و تاوەکو بە ئەمڕۆ دەگات لە پێگەیاندنی تاکێکی ڕۆشنبیر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:سەرەتا پیرۆزبایی (67)ەیەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەسەرجەم قوتابیانی کوردستان دەکەم کە دەبینێ ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی قوتابیان لە کوردستان ناسێندراوە.دیارە تۆڕی قوتابیان لەسەر ئاستی دونیا بەتۆڕێکی ئاکتیڤ و بزوێنەری گۆڕانکاری و هیوای ئایندە و ڕەوتی پێشخستنی تەکنۆلۆژیا و زانستخوازی لە قەڵەم دەدرێن ,هەر بۆیە نەتەوە زیندووەکان بەچاوێکی بەرز لەم تۆڕە دەڕوانن ,چونکە ڕۆڵی گرنگیان لە پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیاندا هەیە.هەڵبەتە یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش کە لە ساڵی 1953 دامەزراوە , توانیویەتی لە ئاڵۆزترین کاتدا هێز و تواناکانی تۆڕی قوتابیان و لاوانی کوردستان کۆبکاتەوە و بە چەکی کاریگەری مەعریفی و هزری هەڵقوڵاویی نەتەوەخوازی ئەندامەکانی پەروەردە بکات, بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بایەخدان بە بواری زاستخوازییەوە خزمەتی گەورە پێشکەش بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و کۆمەڵگای کوردی بکەن.

شجگە لەمەش یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەوڵی داوە بەعەقڵیەتێکی کراوە مامەڵە لەگەڵ تۆڕی قوتابیاندا بکات ,ئەمەش ڕەنگدانەوەی بە ڕوونی لەناو واقیعی کۆمەڵگەدا بەجێ هێشتووە ,هەر بۆیە لەناو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوە ئاکتیڤەدا ,زۆر کەسایەتی ناودار و پسپۆری بلیمەتی ناو بواڕە زانستە جۆراوجۆرەکان و کەسایەتی ڕوناکبیری گەورە و فەرمانەدی بەهێز و سەرکردەی مەزن پەیدابوون.

ڕۆژنامەی خەبات بە بۆنەی 18شوبات گوتی:یەکێتی لاوان پێوستە بیێتە مەرجەعی ڕاستەقینەی لاوان. یەکێتی لاوان ئەو ڕێکخراوەی 67 ساڵە تێکۆشان دەکات و خزمەتی لاوان دەکات لەلایەن (بارزانی نەمر) باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد دامەزراوە و ڕۆڵی گرنگی هاوکار کەلهوری، قوتابی بەشی تەکنیکی میدیا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە یادی 18ی شوبات دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان گوتی، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان" پیرۆزبایی لە سەرجەمی قوتابیانی کوردستان دەکەم، هیوای بەرەوپێشچونی ڕێکخراوەکە دەخوازم، کە زیاتر گرینگی بە تواناو بەهرەکانی قوتابیان بدات، پێشنیار دەکەم بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەت هەلی کاری زیاتر بۆ قوتابیان برەخسێنێ، ئەویش لە ڕێگای کەرتی تایبەتبەت، حکومەت مەرجی کارکردنی هەر کۆمپانیایەکی ناوخۆی و بیانی بکاتە ٥٪ کارمەندەکانی دەبێ دەرچووی ناوەندەکانی خوێندن بێت لەکوردستان بە موچەکی شایستە، بەم جۆرە دەتوانن زۆرترین خزمەتی قوتابیان و کۆمەڵگە بکەن، دۆزینەوەو فەراهەمکردنی کارکردن بۆ قوتابی کۆمەڵگە لەچەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و تاوان دەپاریزێت، هیوادار و داواکارم زیاتر لەخەمی قوتابیاندابن و ببنە پێشەنگی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، پێشنیارێکیترم ئەوەیە زۆرترین گەشتی زانستیان بۆ ڕێکبخەن بەتایبەتی گەشتی دەرەوەی وڵات، بە ڕێگای کرداری قوتابیان فێری زانستەکانی خۆیانبن لەڕێگای گەشتی زانستی، بەمەش ئاستی زانستی قوتابی تا بەرزترین ئاستبەرزدەبێتەوەو دەتوانن لە ئایندە داهێنانی گەورە بکەن.

نێچرڤان حوسێن سکرتێری یەکێتی قوبتابیانی کوردستان لە یادی 18ی شوبات لە لێدونێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بە بۆنەی ١٨ی شوبات، ٦٧مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ڕۆژی قوتابیانی کوردستان پیرۆز بایی لە گەشت کادیرو قوتابیانی کودرستان دەکەم .یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ەوە تاوەکو ئێستا کە نزیک دەبینەوە لە ٦٧مین ساڵیادی دامەزراندنییەوە، بەردەوام ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبووە لە کایە جیاوازەکانی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و مەدەنی بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان. لە ڕوانگەی بڕوابوون بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان وەک لە پێشینەی کارنامەی (ی.ق.ک) ئاماژەی پێدراوە، لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، دواتر لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، ئازادکردنی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ٢٠٠٣، و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧، ئەندام و کادیر و سەرکردەکانی (ی.ق.ک) ڕۆڵی پێشەنگانەیان بینیووە لەو وێستگە مێژووییانە کە دەستکەوتەکانی ئەمڕۆیان لێ بەرهەم هاتووە و لە داهاتوودا زامنی گەیشتن بە ئامانجی گەورەتر و دەستکەوتی گرنگتر بۆ گەلی کوردستان. (ی.ق.ک) لە پاڵ کارکردن و تێکۆشان لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکان و هەوڵدان بۆ چاندنی هزر و بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرانە لە ناخی قوتابیاندا.



یەکێتی لاوان لەبەردەم بەرپرسیاریەتییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا


خەبات:تریفە ئازاد

یەکێتی لاوان ئەو ڕێکخراوەیە وەکو ناسراون لە نێوکۆمەڵگا هەمیشە حزوریان هەیە لە چالاکیە وەرزشی و ڕۆشنبیریەکان خۆیان سەلماندووە لە سەرتاسەری کوردستان ئەم گرینگەیە وای کردووە تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش پەرە بە کارو چالاکیەکانی خۆیان بدەن ,لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش خۆیان بسلمێنن.



یەکێتی لاوان دەبێتە پردێک لە نێوان و دەستەڵات و لاوان

سەفین کاویس بەرپرسی ناوەندی بالای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە یادی 18ی شوبات لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: 18ی شوبات وەچەرخانێکی میژوویی،کە لە سەر دەستی ڕابەری نەتەوەی کوردوکوردستان بارزانی باوک یەکێتی لاوانی کوردستان هاتە دامەزراندن،دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە زەروورەتێکی میژووی و پێویست بوو، کەلاوان ڕۆلیکی میژووی هەبێت بو خزمەتکردنی کوردستان لە بواڕە جیاکانی کوردستان، بۆیە یەکێتی لاوان بۆتە قوتابخانەی پێگەیاندنی سەرکردە بۆ خزمەت و پاراستنی کوردستان،لاوان هەمیشە کار لەسەر لاوێکی پێگەیشتوو و تێگەیشوو و سەرکەوتوو دەکات تا لە کومەڵگا بەبێتە لاوێکی دینەمۆ بۆ بەرەو پێش چوونی کومەڵگا ،یەکێتی لاوان مۆمی (67) ساڵی دادەگیرسێنێ،(67) ساڵ کولنەدان ، بەردەامی و چالاکی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان ،هەموو ئەو تەمەنە درێژەی یەکێتی لاوان لەپێناوی لاوان و ئایندەیەکی پر دەستکەوت بۆ لاوان فەراهەم کردەوە.



یەکێتی لاوان وەکو قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی لاوان کاری کردووە

سەمەد عەبدوڵا وەک لاوێک لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:سەرەتا دەمەوێت سوپاسی ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان بکەم بۆ ئەو هەلە گرینگەی کە بۆ منی ڕەخساند بۆ ئەوەی ببم بە ئەندامێکی کارای ڕێکخراوەکە و ئەو ئەرکانەی پێم سپێردراوە بە باشترین شێوە جێبەجێ بکەم، ئەو هەل

لەیادی 67 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان..

ڕۆڵی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان لە شۆڕشی گوڵاندا



خەبات: سەفەر میرخان ژاژۆکی

لە 18ی شوباتی ساڵی 1953 لە هەنگاوێکی دیموکراتی و مەدەنیانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕابەر و سیمبولی نەتەوەییمان بارزانیی نەمر بڕیاری دروستکردنی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی دەرکرد. ئەو دوو ڕێکخراوە لە مێژووی تێکۆشانیاندا وەک جەمسەرێکی کارای نێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان ئەژمار دەکرێن، چونکە ڕۆڵێکی کارایان لە خەباتی هەمە لایەنی شۆڕشی کوردستاندا گێڕاوە و لە بواری پێشمەرگایەتی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و خوێندن و پەروەردە و هەستی نەتەوایەتی و تەنانەت لە لایەن ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەڤانی کوردیشدا جێ دەستیان دیارە و قۆناغ بە قۆناغ لە ژێر ڕۆشنایی و ستراتیژیەتی نەتەوەیی و دیموکراتیانەی ڕێبازی (بارزانی)دا سەروەریگەلێکی پڕ دەستکەوت و جێی شانازییان تۆمار کردووە. ئێمەش بۆ هەڵدانەوەی چەندین لاپەڕە لەو مێژووە پڕ بەرهەمەی قوتابیان و لاوان لە بیرەوەری 67 ساڵەی دامەزراندنی (یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان) بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێز(فریاد بارزانی) ئەندامی مەکتەبی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پێشمەرگە و سەرنووسەری گۆڤاری پێشووی دەنگی پێشمەرگە ساز بدەین.

لە ئاوارەییدا ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان کە دست بە کار بوون و چەندین ڕێکخراویان دروست کرد و کۆنفراس بەسترا و لەو زووفە سەختەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، لەم بارەیەوە بەڕێز (فریاد بارزانی) گوتی: لە26ی گوڵانی ساڵی 1976 بە فەرمی موژدەی دروستبوونی یەکێتی قوتابیان و هەڵگیرساندنی شۆڕش و هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان ڕاگەیەنرا و لێرەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێکخستنەکانی پارتی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە شێوەیەکی نوێ و پتەو لە ناوەوەی وڵات پەرەی سەند. یەکەم ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە شاری کەرەج دامەزرا، ئەو هەڤاڵانەی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە ڕێکخستەوەی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا ئەمانە بوون: حامد عەبدولڕەحمان، دڵشاد بارزانی، ئیبراهیم عەبدولکەریم، جاسم ئەحمەد. هەرچەندە ڕژێمی ئێران چاوەڕێیەکی توندی خستبووە سەرجموجوڵی پەنابەران و هاتوچوونیان بەرتەسک کرا بوو، بەڵام هەر زوو هێڵی ڕێکخستن لە شارەکانی (تاران، ساوە، ئەسفەهان، قەزوین، ئەڵوەند، شیراز، نەغەدە، شنۆ و ئۆردوگای زێوە) بە نهێنی دروست کران، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە 2/11/ 1979دەرفەتێکی باش بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ڕەخسا، قوتابیان و لاوانی ئاوارەش ئەم هەلەیان بە چاکترین شێوە قۆزتەوە و ڕێکخستنەکانی خۆیان پەرە پێدا و لە ناوەوەی وڵاتیش هەردوو یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لقەکانی دیکەی خۆیان دامەزراندەوە و ڕێکخستن لە ناو شارو شاروچکەکانی کوردستان و لە ناو زانکۆ و پەیمانگاکانیشدا پەرەی سەند. یەکێتی قوتابیانی کوردستان کۆنفرانسی یەکەمی خۆی لە 22/23ی ئاداری ساڵی 1980 لەشاری کەرەج بەست، لقی ئێرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دامەزرا و دەنگی قوتابی وەکو ئۆرگانی خۆیان بڵاوکردەوە، شەهید حاجی عەبدولڕەحمان وەک یەکەم بەرپرسی لق دەست بە کار بوو. لە نەورۆزی ساڵی 1982دا کۆنفراسی دووەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە بەشداری (70) نوێنەر بەسترا و هەڤاڵی شەهید حاجی عەبدولڕەحمان دیسان وەک بەرپرسی لق هەڵبژێردرایەوە، لەو کۆنفرانسەدا چەندین بڕیاری گرنگ دران، پاشان سێیەمین کۆنفراسی قوتابیان لە 3-1ی تەموزی ساڵی 1983 لە کەرەج بەسترا.

بەڕێزتان یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی قوتابیان و لاوان بوون لە ئاوارەییدا و لە ساڵەکانی 1976یەکێک لەو قوتابیانە بووید کە لەگەڵ قوتابی و لاوانی تر چوویتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەوێشدا بژاڤ و چالاکیتان کردووە، ڕووداوەکانی ئەوکات و هەوڵەکانتان چۆن بوو؟

ڕژێمی شای ئێران سیاسەتێکی توندی دژی ئاوارەکان پەیڕەو دەکرد، ڕۆژانە هەڕەشەی تەسلیم کردنەوەی ئاوارەکانی دەکرد، بە هەموو شێوەیەک دەیانەویست دەنگی کورد کپ بکەن، بارزانیی نەمر بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی لە ئەمریکا بوو، لەو بارودۆخە سەختەدا سەرکردایەتی پارتی بڕیاری دا ژمارەیەک قوتابی و لاو بۆ ئەمریکا بنێرێت، داوا لە ڕێکخراوێکی خێرخوازی ئەمریکی کرد ژمارەیەک قوتابی و لاو لەو وڵاتە وەربگیرێن، ئەم بڕیارە لە ساڵانی 1976و 1977 جێبەجێ کرا نزیکەی 800 کەس وەرگیران و ساڵانەش ژمارەکە زیاتر دەبوو، زۆربەی ئەو ئاوارانە قوتابی و لاو بوون، لە ئەمریکاش بە هەمان شێوەی ئێران بەسەر چەندین ویلایەت لە وانە: (تنیسی، فیرجینیا، واشنتون، فلوریدا، کالیفورنیا، ئۆهایۆ، دیترویت میشیگان، داکوتای ژووروو، داکوتای خوارروو، مینوسوتا، تێکساس) دابەش کران، بەڵام هەر زوو کادیرانی سەرکردایەتی پارتی سەردانی کردین، لە ئەمریکا لقی 7ی پارتی دامەزرا بوو، لە سنووری هەر ویلایەتێک لێژنەیەکی ناوچە یان ڕێکخراوێکیان دامەزراند بوو، بەم شێوەیە ڕێکخستنێکی پتەو لە ئەمریکا دامەزرا.

بەڕێزتان بەشداری داستانی خواکۆرکتان کردووە، ڕۆڵی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لەو داستانە چی بوو؟

بەڕێز فریاد بارزانی گوتی: بەراستی داستانی خواکۆرک وەچەرخانێکی مێژوویی بوو لە 19/ 7/ 1988دەستی پێ کرد بۆ ماوەی 50 ڕۆژ بەردەوام بوو، ئەم داستانە بەسەرپەرشتی ڕاستەخۆی سەرۆک مەسعود بارزانی ئەمریکییەکان زۆر کەم کوردیان دەناسی، بەڵام بەو چالاکییانەی لە هەر بۆنە و یادێکدا ئەنجام دەدران، گەلی کوردیش هەر وەکو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرا.



فریاد بارزانی: بزووتنەوەی قوتابیان و لاوانی کوردستان وەکو هەموو بزووتنەوەیەکی هاوچەشنی خۆی لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی و نیشتمانی سەریهەڵداوە و بەردەوێشەوەچووە

بەڕێزتان بەشداری داستانی خواکۆرکتان کردووە، ڕۆڵی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لەو داستانە چی بوو؟

بەڕێز فریاد بارزانی گوتی: بەراستی داستانی خواکۆرک وەچەرخانێکی مێژوویی بوو لە 19/ 7/ 1988دەستی پێ کرد بۆ ماوەی 50 ڕۆژ بەردەوام بوو، ئەم داستانە بەسەرپەرشتی ڕاستەخۆی سەرۆک مەسعود بارزانی ئەمریکییەکان زۆر کەم کوردیان دەناسی، بەڵام بەو چالاکییانەی لە هەر بۆنە و یادێکدا ئەنجام دەدران، گەلی کوردیش هەر وەکو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرا.

بەڕێزتان بەشداری داستانی خواکۆرکتان کردووە، ڕۆڵی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لەو داستانە چی بوو؟

بەڕێز فریاد بارزانی گوتی: بەراستی داستانی خواکۆرک وەچەرخانێکی مێژوویی بوو لە 19/ 7/ 1988دەستی پێ کرد بۆ ماوەی 50 ڕۆژ بەردەوام بوو، ئەم داستانە بەسەرپەرشتی ڕاستەخۆی سەرۆک مەسعود بارزانی ئەمریکییەکان زۆر کەم کوردیان دەناسی، بەڵام بەو چالاکییانەی لە هەر بۆنە و یادێکدا ئەنجام دەدران، گەلی کوردیش هەر وەکو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرا.

بەڕێزتان بەشداری داستانی خواکۆرکتان کردووە، ڕۆڵی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لەو داستانە چی بوو؟

بەڕێز فریاد بارزانی گوتی: بەراستی داستانی خواکۆرک وەچەرخانێکی مێژوویی بوو لە 19/ 7/ 1988دەستی پێ کرد بۆ ماوەی 50 ڕۆژ بەردەوام بوو، ئەم داستانە بەسەرپەرشتی ڕاستەخۆی سەرۆک مەسعود بارزانی

ئەمریکا دامەزرا.

ئەو چالاکیانە چی بوون و چەندین بۆنە و یادتان لە ویلایەتی ئەمریکا کردووە بۆ ناساندنی کێشە و مافەکانی گەلی کوردستان، بەڕێزیان گوتی: لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵاندا بارودۆخی کوردستان زۆر سەخت و دوژوار بوو، هاوکات هەر لەو کاتەدا بارزانی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی لە ئەمریکا بوو، بوونی بارزانییی نەمر لە ئەمریکا هاندەرێکی سەرەکی و کاریگەر بوو کە ڕەوندی کورد لە ئەمریکا و کەنەدا چالاکی سیاسییان هەبێت و دەنگ و هاواری کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازییەکەی بەرای گشتی و دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بگەیێنن شەهیدی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی و ڕێزدار مەسعود بارزانی ناو بە ناو بۆ ئەمریکا دەهاتن لە گەڵ ڕەوندی کورد کۆدەبوونەوە، لە گەڵ کەسانی بەرپرس و ناسراوی ئەمریکا لە کۆنگرێس و سەنا کۆدەبوونەوە، بەرنامە بۆ چالاکییەکان دادەنرا، چەندین خۆپیشاندان لەبەردەم بارەگای ئەمریکی کرد ژمارەیەک قوتابی و لاو لەو وڵاتە وەربگیرێن، ئەم بڕیارە لە ساڵانی 1976و 1977 جێبەجێ کرا نزیکەی 800 کەس وەرگیران و ساڵانەش ژمارەکە زیاتر دەبوو، زۆربەی ئەو ئاوارانە قوتابی و لاو بوون، لە ئەمریکاش بە هەمان شێوەی ئێران بەسەر چەندین ویلایەت لە وانە: (تنیسی، فیرجینیا، واشنتون، فلوریدا، کالیفورنیا، ئۆهایۆ، دیترویت میشیگان، داکوتای ژووروو، داکوتای خوارروو، مینوسوتا، تێکساس) دابەش کران، بەڵام هەر زوو کادیرانی سەرکردایەتی پارتی سەردانی کردین، لە ئەمریکا لقی 7ی پارتی دامەزرا بوو، لە سنووری هەر ویلایەتێک لێژنەیەکی ناوچە یان ڕێکخراوێکیان دامەزراند بوو، بەم شێوەیە ڕێکخستنێکی پتەو لە ئەنجام درا، سەرکەوتنی داستانی خواکۆرک تەنیا مەبەست و کاریگەرییەکی سەربازیانە نەبوو، بەڵکو چەندین مەبەست و مانای سیاسیشی لە خۆ گرتبوو پێشمەرگەی پارتی و بارزانی بۆ میژوویان سەماند کە زەبر و زەنگی دوژمن چەند کاریگەر و دڕندانە بێت ناتوانێت چیاکانی کوردستان لە پێشمەرگە جیا بکاتەوە و زەفەر بەگیانی کوردایەتی و نەتەوایەتی مرۆڤی کورد بهات. ئەگەڕ لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ داستانی خواکۆرک بکرێت لە میژووی جەنگ و داستانەکاندا داستانی وا گەورە تۆمار نەکراوە، چونکە دوژمن بە چەندین هەزار سەرباز و بە هەموو چەکێکی پێشکەوتوو بە شەو بە ڕۆژ هێرش بۆ سەرسەنگەرەکانی پێشمەرگە دەهێنا بەڵام ورە و بیروباوەڕی بەرزی پێشمەرگە ئەوەندە بەرز بوو دوژمنی ناچار کرد پاشەکشە بکات و سەریان لە تاشە بەردەکانی شاخە سەرکەشەکانی خواکۆرک دا و هەزاران لاشەیان لەو دەڤەرە بە جێما و زیانێکی سیاسی و سەربازی و مادەی زۆریان بەرکەوت. لە داستان خواکۆرکدا هەموو ڕێکارێکی پێشکەوتووی لەشکری ڕەچاو کرا بوون، هەر فەرماندە و پێشمەرگەیەک دەیانزانی دەبێ چۆن بەرگرییەک بکات، کادر دەیزانی دەبێ چۆن هاوکاری بەڕەکانی جەنگ بکات لە ناو داستانەکە و لە پشت داستانەکە لێژنەیەک پێک هاتبوون، یەکێتییەکەشمان بە هەموو توانای خۆی بەشداری داستانی خواکۆرکی کرد بە دەیان قوتابی و لاوی پێشمەرگە لەو داستانەدا بەشدار بوون. داستانی خواکۆرک دەسکەوتێکی سیاسی و سەربازی زۆر گەورە بوو، خۆراگری گەلەکەمان و مانەوە و بەردەوامی خەباتی ئازادیخوازانەی بە گوێی دونیادا دایەوە، بە هۆی ئەو داستانە میژوییەوە ئەو ئاسەواڕە مەعنەوی و سەربازییانەوە سڕایەوە کە لەژێر کاریگەری تاوانەکانی کیمیاباران و ئەنفالکردنی کوردستاندا بااڵی بە سەر خاک و گەلەکەماندا کێشابوو. ئەوەی پێشمەرگەی پارتی لەو داستانەدا تۆماری کرد بە هەق شۆڕش بوو لە ناو شۆڕشدا و بووە دەستپێکێکی تر و لێرەوە ئاسۆی ڕاپەڕین بە دەرکەوت.

لە بارەی ڕۆڵی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 بەڕێزیان گوتی: ڕاپەڕین وەک ئەنجامی خەبات و قوربانیدانی گەلەکەمان و هاتنە ئارای هەلومەرجێکی لەبار بووە وەرچەخانێکی میژوویی و واقیعێکی تازەی بە دوادا هات. بێگومان لە چوارچێوەی ئەو ئامادەسازییەی لە دوای پێشبینییەکانی سەرۆک بارزانی کە لە داستانی خواکۆرک خستییەڕوو، ئێمەش وەک ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان بەشدار بووین و لە 1991/1/25 لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە و بەرنامەی خۆمان بۆ بەشداربوون لە ڕاپەڕین دارشت، هەڤاڵانمان بەسەر میحوەرەکاندابەمشێوەیە دابەش کرد: هەڤاڵان ڕێبوار یەڵدا و ڕەفعەت سەعید و کوردستان پیرداود دانران لە سکرتاریەت بێتنەوە. میحوری سلێمانی: هەڤاڵان حاجی عەبدولڕەحمان و فریاد بارزانی. میحوری کەرکوک: هەڤاڵان ئیبراهیم مستەفا و دژوار فائق. میحوری هەولێر: هەڤاڵان عەبدوڵڵا خەلو و عادل عەلی. میحوری دهۆک: هەڤاڵان ئیحسان و تەیار سەلیم ڕزگار کوردستانی. دوای ئەوەی ڕاپەڕین دەست پێکرا هەڤاڵانمان هاوشان لە گەڵ پێشمەرگە قارەمانەکاندا بەرەو میحورەکانیان بەرێکەوتن بۆ هەر میحورێک ژمارەیەکی زۆر بلاوکراوەمان ئامادە کرد بوو، دوای بڵاوکردنەوەی چاپەمانییەکانمان بارەگای خۆمان دامەزراند و لە سنووری هەرشارێکدا کەوتینە جموجۆڵ و چالاکی نواندن. لە ماوەی سێ ساڵ کارکردن لە کوردستانی ئازاددا توانیمان ڕێکخستنەکانی خۆمان لە سەرتاسەری کوردستان داببەزرێنین، هەر لقێک گۆڤاری تایبەتی خۆی هەبوو، ئەو گۆڤارانەی لەو سەردەمەدا چاپ دەکران بریتی بوون: پێشکەوتن، خامە، پێشڕەو، بابەگورگور، مژدە، گازیا خوێندکارا و لاوان و بەدیان نامیلکە و چاپەمەنی ترمان هەبوو. لە سنووری هەر لقێک و چەندین شارۆچکەشدا توانیمان 9 ڕادیۆی F.M دابمەزرێنین. لە کۆتاییدا هەزاران هەزار سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و شەهیدانی بزووتنەوەی قوتابیان و لاوان و سەرقافلەی شەهیدان بارزانیی نەمر و شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو.



ڕەغد هدایت سلێمانی

هەڵکەفتا 18 شوباتێ

ساڵیادا دامەزراندنا هەردوو ڕێکخراوێت مەزن ئیکەتیا قوتابییێن و لاوێن دیموکراتا کوردستانێ

ڕێکخراوا ئیکەتیا قوتابین کوردستانی ڕێکخراوا دایکە، یەکیتی قوتابیانی کوردستان و لاوین دیموکراتی کوردستانی ل 18ی شوباتا سالا 1953 ل سەر دەستی بارزانیی باب هاتەدامەزراندن و دەست ب تێکوشین و خەباتێ کر ، قوتابی و لاو تەقدا بونەیەک هەلویست ژ بو گەهاندنا پەیاما قوتابیان و داکوکی کرن ل ماف و خواستین قوتابیان و بوینەئەو لەویاتیت کارێ کادرێن قوتابیان. زێدەباری زانست و مەعریفەتێ، دهەمان دەمدا و ل هەمی کاودانداندا ئەقێن دامەزراوێ خو دیتیە بەشەکێ کارا ژ بو خەبات و خواست و داواییێن نەتەوا کورد و شەهید داینەژ هەردوو ڕەگەزا، مینا (عبدالخالق سپێنداری ، لەیلا قاسم.... هتد). کادرێن ئیکەتیا قوتابی و لاوێن کوردستانێ ڕەنج کیشایە مل ب ملی پێشمەرگەی تیکوشین کریە ژبو ئازادیا وەلاتی ، پشتی دەربازبون ژ قوناغا چیا بو قوناغا ناڤ باژێڕی ، ئەقێ ڕێکخراوێ ڕولێ خو دیتیە و خو گونجاندیە دگەل سەردەمی نووی ، تفەنگ کرینە پینوس ، پینوس کریە فکر و بوچوون و دەر ئەنجامدا داهینان کریە ، هەر دەرچویەکێ ڤێ قوتابخانێ خو ب بەرپرسیار دبینت بەرامبەر دوزا ملەتێ مە ، سکرتاریەت و هەمی لق و لیژنێن ئیکەتیا قوتابییێن کوردستانێ کاردکەن بو ئیک ئارمانج ئەوژی خزمەتا قوتابیان ژبو دەست فەئینانا مافێت وان و ئەرکێ خو کریە قوتابخانەک بو گەشەپێدانا هزرا نەتەوەیی کورد و ڕەوشەنبیر کردنا تەقایا خەلکی کوردستانێ، یەکیتی قوتابیانی کوردستان کومەکا چالاکی و کاران کریە ، وەکو:

* سەردەدانێن ژدەرڤەی وەلاتی کرینەو چەند کورسیکێن خاندنێ ب دەستڤە ئینانینە بو هندێ کو قوتابییێن کوردستانێ ڤرێکەن بو ماستەری و دکتورایێ.
* ڕولەکێ کاریگەر هەبو ویە و بەردەوام ب هەوارا ئاوارن هاتینە و گەلەک کەل و پەل و خوارن و پیداویستی لسەر دابەشکرن .
* سازدانا خیڤەتگەهان ل وەرزی هڤاینێ.
* سمینار و خولێن بهێزکرنا هەستێ نەتەوایەتی و نشتیمانی و ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندن و .... هتد
* هەروەسا چەندین ڕوژنامە هەنەکو تایبەتن ب (ی.ق.ک).

دی بەردەوام کارکەین ژبو ماڤێن قوتابیان و دێ کارکەین ژبو وان قوتابیێن دەرچوین ژ زانکو و پەیمانگەها بو دامەزراندن یان ڤەکرنا کەرتێن تایبەت بو ڤان قوتابیان، نا ڕاوستین تا مافێن وان ب دەست ڤەبینین.

سوز و پەیمانان نوی دکەین ل سەر ڕێبازا بابی ڕوحی نەتەوا کورد مەلا مستەفا بارزانی کو هەردەم سەرەڕم بین.



فرەنسۆ هەریری ئەو سەرکردە خۆنەویستەی ئەستەمە لە بیر بکرێت

خەبات: تریفە ئازاد

فرەنسۆ هەریری ناوێکی ئاشنای بزاڤی شۆرشگێری کورد کە هەر زوو پلە و پایەو پۆستی خستە دواوە ئەدەرسی خزمەتکردنی نەتەوایەتی کوردی کردە بەرنامەی ژیانی خۆی ئەوەی کە زۆریش پێ ناسرابوو هەق بێژی و دادپەروەری و خۆشەویستی بۆ ڕێبازی پیرۆی بارزانی بوو بە داخەوە لە لایەن تیرۆرستانەوە ترسنۆکانە لە 18ی شوباتی ساڵی 2001 بوو لە بەرەبەریانێکی زوو لە کاتی چوونە سەرکاری شەهید کرا.

پاڵپشتی فرەنسۆ بۆ لاوان، خۆشەویستی بۆ وڵات

ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە یادی شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ حەریری لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: فرەنسۆ حەریری ئەو پیاوە مەزنە بوو کە چەندین جیلی لە لاوی سەرکردە پێگەیاند ئێمە بە بەردەوامی یادی دەکەینەوە ئەو هەڵقوڵاوێکی دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی بوو جگە لەوەی لە ئاستی باڵا بوو هەمیشە قسە کەرێک بوو لە ناخی هەموو دڵسۆزان بوو لە ڕێبازی بارزانی بوو فەرەنسۆ ئەو کەسە گەورەیە بوو لە ڕۆژی 18ی شوبات تیرۆر کرا ئەوانەی فرەنسۆیان تیرۆر کرد ڕەش بین بوون چاویان بە ئازای هەڵنەدەهات ئێمە ئەوان وایان زانی بە تیرۆرکردنی فرەنسۆ ئێمە دەوستین نەخێر ئێمە بەردەوام بوین و بەردەوامیش دەبین لە خزمەت گەیاندن ڕۆژەی کە بڕیار دەرچوو کە من سەرۆکی فراکسۆنی پارتی بم بابەتێکم نووسی بە ناوی (یادت بەخێر ئەوەی کە قسەت هاتە جێ) ئەوە فرەنسۆ بوو زۆر پشگیری ئێمەی لاوانی دەکرد فرەنسۆ بە سەدان کادیری لە ڕێکخراوەکان پێگەیاندن و پەروەردەی کردوون کە ئەمرۆ لە کایە سیاسیەکان خزمەت دەکەن، لایەنێکی تر کە فرەنسۆ زۆر گرینگی پێ دەدا خزمەت کردن بوو بە بواری وەرزش و هونەر هەمیشە لە خەمی خزمەت گەیاند بوو بە وەرزی کوردستان و تایبەت یانەی هەولێری زۆر خۆشەوەویست و هەمیشە پاڵپشتی یانەکە و یاریزانەکانی دەکرد لەم ڕۆژە دا لە یادی شەهید کردنی ئەو سەرکردە مەزن لێهاتووە بەڵێن دەدەین هەمیشە بە نەفەسی کوردایەتی و پارتایەتی فرەنسۆ کار دەکەین بۆ خزمەت کردنی کوردستان و ئاوەدانی و ئارامی وڵات.

ئومێد خۆشناو: فرەنسۆ بە سەدان کادیری لە ڕێکخراوەکان پێگەیاندوون و پەروەردەی کردوون ئێستا لە کایە سیاسیەکانن.

کەسایەتی فرەنسۆ حەریری پێگەی لە نێو شۆڕش

مستەفا گۆرۆنی هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ حەریری لە یادی شەهید بوونی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دڵسۆزی، وەفا، ڕاستبێژی و هێزی بڕیاردان خەسڵەتی سەرەکی پێکهاتەی کەسایەتی فرەنسۆ حەریری بوون. فرەنسۆ حەریری نمونەی کادیری دڵسۆز بوو بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی پارتیمان، بە بێ گوێدانە بەرژەوەندیە کەسی و لاوەکیەکان ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکرد بە ڕای من هەر ئەم خەسڵەتەشی هۆکار بوو کە خاوەن متمانەیەکی تەواو بێت لای جەنابی بارزانی نەمر و دوای کۆچی دوایی بارزانی نەمریش لای جەنابی سەرۆک بە وڵاتانی خۆمان و ناوەستین و تا خەونی فرەنسۆ بە دی نەهێنین,ئێمە کۆمەڵێک لاو بوین لە ڕیزەکانی یەکێتی لاوان فرەنسۆ هەمیشە تەرجیعی دەکردین پێ دەگوتین دوارۆژ لە دەستی ئێوە دایە و هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین ئەمرۆ قسەکەی بەدی هات و ئێمە وا خزمەت دەکەین لە ئاستی حکومەت و پەرلەمان هەمیشە دەیگوت لە لە داهاتوو ئێوە لە جێگای ئێمە دەبین دەمگوت نەخێر نابێت و مستعیلە شتی وا بەڵام ئەوە ئەمرۆ من وەک سەرۆکی فراکسۆنی پارتی دوو خولی پەرلەمان وەک سەرۆک فراکسۆنی پارتی لە جێگای ئەوم بە شانازییەوە یەکێکم لە وانەی کارەکەی خۆم خۆش دەوێت کە فرەنسۆ حەریری سەرۆکی ئەو فراکسۆنە بووە، زۆرجار بیر دەکەمەوە کە فرەنسۆ سەرۆکی فراکسۆنی پارتی بوو لە پەرلەمان من قەت چاوەڕێم نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم پێگەیە بم ئەو





مستەفا گۆرۆنی: لە زۆربەی مەوقیفەکاندا ڕاو پێشنیارەکانی کاک فرەنسۆ دەبوونە بڕیاری سەرکردایەتی.

بارزانی و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ و هیچ کاتێک قسەکانی ڕەت نەدەکرانەوە بگرە لە زۆربەی مەوقیفەکاندا ڕاو پێشنیارەکانی کاک فرەنسۆ دەبوونە بڕیاری سەرکردایەتی. لەسەر ئاستی کەسی کاک فرەنسۆ بەوە ناسراو بوو کە کەسێکی بەوفایە لەگەڵ هەقاڵ و هاوسەنگەرانی، هەر کەسێک لە نزیکەوە کاک فرەنسۆی ناسیبێت نکۆڵی لەم ڕاستیە ناکات و شانازی بە هاوڕێبوونی دەکات. ئەم خەسلەتەی شەهید فرەنسۆ وای کردبوو ببێتە کەسێکی خۆشەویست و جێی متمانە لای هەقاڵ و هاوسەنگەرانی و کوڕی ڕۆژانی ڕەش و تەنگانە بوو،. یەکێک لەو خەسڵەتانەی کەسایەتی فرەنسۆ هەریری پێی جیادەکرایەوە توانای بڕیاردان بوو لەکاتی خۆیدا. لە ماوەی ناسینی من بۆ ئەو، بیرم نایەت هیچ کاتێک پاشەکشێ یان بێدەنگ بوو بێت لە دەربڕینی هەڵوێستەکانی لە هەر دۆخێکدا بوو بێت. بەڵام بە هۆی دڵنیابوونی هەموو لایەک لە دڵسۆزی و هوشیاری و خەمخۆری کاک فرەنسۆ بۆ ڕێبازی بارزانی هەمیشە قسەکانی بە هەند وەردەگیران.

دوای ڕاپەڕین شەهید فرەنسۆ یەکێک بوو لەو سەرکردانەی بە کردەوەی سەردەمیانە بەڵام بە ڕابردوویەکی لەبیر نەکراوی شاخ مامەڵەی دەکرد. هەموو کات مامەڵە و گوفتارەکانی خوالێخۆشبوو بیرهێنەرەوەی ڕۆژانی خەباتی سەختی شاخ بوون. سەرەڕای ئەمە، بە تەوازوعێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ خەڵک و هاوڵاتیدا دەکرد بەتایبەت ئەو کاتەی پارێزگاری هەولێر بوو، بەردەوام لە خەمی چارەسەری کێشە و گرفتی خەڵکدا دابوو، تەنانەت جیاوازی لە نێوان مااڵ و شوێنی کارکردنیدا نەبوو بۆ بینینی خەڵک و چارەسەری کێشەکانیان.

لە 19ەمین ساڵیادی شەهیدی سەرکردە و فەرماندە(فرەنسۆ هەریری)دا



خەبات:سەفدر یوسف میرخان ژاژۆکی

کاروانی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان زۆر سەرکردە و پیاوی قارەمانی لێ هەڵکەوتووە کە مێژووی پرشنگداری پارتیمان لەم ڕوویەوە زۆر دەوڵەمەندە و تێکۆشەرانێکی قارەمان و بەرچاوی لە پێناو ئامانجە ڕەواکانی گەلی کوردستانی پێشکەشی گەلی کوردوەو گیانی خۆیان کردۆتە قۆچی قوربانی ئەم ڕێبازە پیرۆزە. شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری ئەستێرەیەکی گەشی ئەم ڕێبازە ڕاستەقینەیە کە هەر لە سەرەتای لاوێیەوە سۆز و خۆشەویستی نواندووە بۆ گەلەکەی و تا دوا ساتەکانی تەمەنی بەردەوام لە خەبات و خزمەت دابووە، کە بە داخێکی زۆرەوە دەستی ڕەشی شەمشەمە کوێرەکانی تاریکایی شەو گەیشتە خوێنی پیرۆزی ئەم پیاوە شۆڕشگێڕە و لە 18ی شوباتی 2001 گەیشتە کاروانی هەرگیز نەمران. لە 19ەمین ساڵیادی شەهیدی سەرکردە و فەرماندە(فرەنسۆ هەریری) دا بەچەند دێڕێک یادی بکەینەوە.

خەبات و تێکۆشانی شەهیدی سەرکردە

شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری لە ساڵی 1937 لە شارۆچکەی هەریر مەڵبەندی شۆڕە سوارانی سۆران لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارۆچکەیەدا تەواو کردووە و خوێندنی ناوەندی لە شەقڵاوە بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و خوێندنی ئامادەییشی لە هەولێرە تەواو کردووە و پاشان لە دەورەیەکی پەروەردەییدا بۆتە مامۆستای سەرەتایی و لە ساڵانی 1961-1960 دا لی ناوچەکانی بلێ و بارزان و باڵەکیان و سۆران بووەتە مامۆستا ، لە ساڵی 1963پەیوەندی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە کردووە، لەو مێژوویەشەوە تا ڕۆژی شەهید بوونی بە دەیان پلەی حزبی و حکومی پێ سپێردراوە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی و شارزایی و هۆشیاری خۆی، کە توانیویەتی جێگای خۆی لە دڵی سەرکردایەتی شۆڕش و دەروونی جەماوەردا بکاتەوە. لەو پێودانگەشەوە بە دەیان بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە لەوانە ئەندامی لقی 7و بەرپرسیاریەتی لێژنەی ناوچەی باڵەک و قایمقامی قەزای چۆمان و دواتر لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتیماندا کرا بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، هەروەها لە هەردوو کۆنگرەی 11و12ی پارتیمان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، لە ساڵی 1992شدا لە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستاندا شەرەفی ئەندامیەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی فراکسیۆنی زەردی پێدراوە، لە سێیەم کابینەی حکومەتی هەرێمیشدا پۆستی وەزیری هەرێم و پارێزگای هەولێر و دواتر بەرپرسیاریێتی لقی 2ی پارتیمان پێ سپێردراوە بۆ ماوەیەکیش بەرپرسی مەکتەبی ناوندی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی کوردستان بووە، جگە لەوەی کە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری چەند گۆڤارێک و ئەندامی کارای ڕۆژنامەنووسان و مامۆستای وەرزشوانانی هەولێر بووە.

جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە ڕێوەرسمی بەخاک سپاردنی تەرمی شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری کە لە 20/ 2/ 2001 لە شارۆچکەی هەریر بەڕێوەچوو فەرمووی: لەو کات کە من فرەنسۆ هەریریم ناسیوە لە ساڵی63ەوە نەمدی یەک ڕۆژیش بیروباوەڕی لاواز بێت یان ئیمانی بلەقێ بەرامبەر بە هەر ڕووداوێک چەند گەورە بووبێ، کاک فرەنسۆ نمونە وەفا و دڵسۆز بوو لەبەر ئەوە هەتا دوژمنەکانیشی نەیانتوانیوە ڕێزی لێ نەگرن لە بەر ئەو وەفاییەی، ئەوانی فرەنسۆیان شەهید کردووە ڕاستە زیانێکی گەورەیان لە پارتی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد داوە و ڕاستە هەدەفێکی پڕبەهایان هەڵبژارد و قوربان بەسەر دەبێ فرەنسۆ خۆی دەیزانی شەهید دەبێ، چەندین جارێە منی گوت: من شەهید دەبم. بۆ تێکۆشەرێکی وەک فرەنسۆش هەر شەهادەتەو شەهادەتیشی لێ پیرۆز بێ، چونکە پارتی ڕاهاتووە لەگەڵ قوربانی بدات، ئەوەی سەرکەوتن بپارێزێ دیسان هەردەبێ قوربانی بدات، پارتی لە تیرۆر نەترساوەو ناشترسێ، پارتی بە لە دەستدانی قارەمانێک و چەندین قارەمان ناوەستێ. ڕێبازی پارتی ڕێبازی بارزانییە ، ڕێبازێکی بەردەوامە.

هەروەها لە پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوکاتە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە بۆنەی شەهید بوونی فرەنسۆ هەریری هاتووە: بە شەهیدبوونی ئەم مرۆڤە ڕاستگۆیە ئەمرۆ مااڵناوایی لە کەسێک دەکەین کە بە سەربڵندییەوە پەیمان و سۆزی خۆی بەجێهێناوەو ئەو بەو بەڵێنە پیرۆزەوە سەری ناوەتەوە کە دەیان ساڵە بە بارزانی و پارتی و گەلی کوردستان داوە.



شەهید فرەنسۆ پیاوی جوامێری ڕۆژانی تەنگانە بوو لە پلەو قۆناغە سەخت و دژوارەکان و هەوراز و نشێوی، شۆڕشی ئەیلوول و پاش نسکۆی شۆڕشی 1975و شۆڕشی گوڵانیش دا هەمیشە یەکێک بووە لە ستوونە پتەوەکانی موقاومەت و پشوودرێژی و کوڵنەدان. پەیوەندی ئەو تەنیا حزبی و سیاسی نەبووە، بەڵکو لە قوڵایی ڕوحەوە هەست و بیرو ئامانجی ئاوێتەی عیشق بە بارزانی بووە کە چرا ڕێگەی بووە بۆ خۆشەویستی کوردستان و خەڵکی کوردستان بە کورد و ئاشووری، بە تورکمان و کلدانی، بە موسڵمان و مەسیحی و گشت ڕۆڵەکانیانەوە. ئەو بە ئایین مەسیحی بووە، بەڕێباز ئازادیخواز بارزانی بووە، بە حزبایەتی پارتی بووە، ، بەنەتەوە ئاشووری بووە، بەتێکۆشانی نیشتمانی کوردستان بووە، ئەو چاک لە خۆی تێدەگەیشت و دڵسۆزانە خزمەتی مافی ڕەوایەی بۆ قایل بوو چونکە دڵنیا بوو کە کاک فرەنسۆ دەسەاڵت و تێگەیشتنی خۆی لەو چوارچێوەیەدا بۆ بەڕێوەبردنی حەق و ڕاستی بەکار دێنێ، جێگەی بڕواو متمانەی سەرکردایەتی و جەماوەریش بوو، لە لایەکی تری پەیامەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت نێچیرڤان بارزانی هاتووە: فرەنسۆ لەو کەسانە بوو کە لە مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەاڵیەتیدا سەنگەرێکی تایبەتی بۆ خۆی دانابوو زۆر جار بە تایبەتی ڕۆژانی سەخت و تەنگانە چاوەڕوان نەبوو خەڵکی تر دەستووری پێبدات، بەڵکو بە خۆی هەڵوێستی وەردەگرت و هەنگاوی دەناو دروستیش دەردەچوو، شەهید فرەنسۆ هەریری ئەو ڕۆڵە هۆشیارە بووە کە هەمیشە هۆشیاری سیاسی و کۆمەاڵیەتی بااڵوکردۆتەوە لە تەک گیانی وەرزشیدا کە بواریکی پڕ شانازی دیکەی ژیانی ئەو بووە لە سەردەمی الویێتییەوە تا شەهید بوونی، هەر وەکو وەرزشکار بووە هاندەری گیانی وەرزشیش بووە، تازەترین کۆمەڵگا و گۆڕەپانی وەرزشی هەولێری دامەزراند، نامەوێ لەوە زیاتر لە سەری بڕۆم چونکە بە کورتی فرەنسۆ یەکێکە لەوانە کە زۆر کەم کەس لەوانە هەیە کە بە درێژایی ژیانی لەوەتی بە خزمەتی مستەفا بارزانی گەیشتووە هەمیشە نزیکی بارەگای بارزانیی نەمر و پارتی بووە، بە دەگمەن دوور کەوتۆتەوە جیا لە پلە و مەوقعی زۆر زۆر کەم پشووی وەرگرتووە، هەر چەند بڵێم قەت ناتوانم قوواڵیی عیشق و وەفاداری ئەو بۆ بارزانیی نەمر و ڕێبازەکەی بڵێمەوە تەنیا ئەوەندە دەڵێم: کە گیانی پاکی دڵنیا بێ، کە ئەو ڕێبازە چەشپاوە و بەردەوامە.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٥٢٦٢ بەرواری ٢٠١٩/٣/١٣ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی عائشە عبداللە محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

وون بوونی مەنەفێستی نقل البری مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای گول بارین جۆری ئۆتۆمبێل رافعە شولیە سلایت JCB حجم کبیر ڕەنگ زەرد + ڕەش مۆدێل ٢٠١٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٢٣١٣٨ کاتی دهوك ژمارەی شاصی: JCB٥APCGK٠١٥١٩٤١٢ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە/ ٢٨٥/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٥
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو / مایکل صباح جلیل – رائد نجیب جلیل- ایهاب صباح جلیل
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنەمای دادگای سزای دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤١٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٨ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر دادگا.

دادەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە/ ١٣٨/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو / جوزە علی صالح
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنەمای دادگای سزای دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی مادەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر دادگا.

دادەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی دهشتی هەولێر

ژمارە/ ١٢٠/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (أحمد محمد علی)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر ٩ لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت لەسەر سکالای دادخواز (مافی گشتی) بەپێی مادەی ٢١ لە یاسای هاتووچۆ بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادەر/ عبدالله عثمان خضر

***

دادگای کەتنی دهشتی هەولێر

ژمارە/ ١٠٩/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (خضر علی خضر)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر ٩ لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٥ بەمەبەستی دادگایی کردنت لەسەر سکالای دادخوازان (ریکان زرار أحمد و أسماعیل عبدالرحمن حمد و یونس خدر عثمان) بەپێی مادەی ٢١ لە یاسای هاتووچۆ بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادەر/ عبدالله عثمان خضر

***

دادگای کەتنی دهشتی هەولێر/١

ژمارە/ ٢٣٦/ك/٢٠١٩/١
بەروار/ ٢٠٢٠/١/٢٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عصام الدین محمد علی
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٢٣٦/ك/٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٨/٢٦ لەسەرت بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی ٢ دوو سال و پێ بژاردنی بەبری ٤٥٠,٠٠٠ چوارسەد و پەنجا هەزار دینار بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزاکان بەشێوەیەکی پاشەملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/- بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت رابگەیێندرێت مافی تانووت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢

ژمارە/ ٤٨٥/ك/٢٠١٩/٣
بەروار/ ٢٠٢٠/١/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سیف الدین سعد یونس
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/ ٤٨٥/ك/٢٠١٩/٣ لە ٢٠٢٠/١/١٣ لەسەرت بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی ١ یەك سال و ٦ شەش مانگ بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزا بەشێوەیەکی پاشەملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/- بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت رابگەیێندرێت مافی تانووت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە/ ٢٣٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو / قارمان احمد خالد
ئاگادارکردنەوە (سزا)

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٢٣٧/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٥ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت رابگەیێنرێت بەپێی مادەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای باری کەسینەی شەقڵاوە

ژمارە/١٥٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/١٢
جاردان
بۆ داوالێکراو/ علی عثمان علی

داواکار/ (سائلە حسن منان) داوای شەرعی ژمارە (١٥٠/ش/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکراوە لەم دادگایە کە تیایدا داوای (اثبات زواج) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (شەقڵاوە/ سەرمەیدان) بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە بەم بریارە بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆت هەیە تانە لەم بریارە بدەی بەڕێگای نارەزای و تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی کە ١٠ ڕۆژە وە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادەر/ کەنار طاهر قادر

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٨ / م / ٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٦
جارِدان
بۆ داوالێکراو/ جونسون گورکیس ناصر شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (الس موسی نیسان) داوای ژمارە ٨/م/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (تثبیت الحضانە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ١٠٨ عەنکاوە لەبەر ئەوەی دادگا بریاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٣/٢ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ تەرزە سالار عثمان

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی
دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٦/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٤
ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٢٥) دوکان مولکی شارەوانی شەقلاوە بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شەقلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٧ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١١ + ١٢ + ١٣ + ٢٠ +٢٥) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٢٤م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٧٩٨٠٠٠ حەفت سەد و نەوەت هەشت هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١٤ + ١٥ + ١٦ + ١٧ +١٩) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٢٤م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٣٤٢٠٠٠ سێ سەدو چل و دوو هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١٨) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٢٤م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٦٨٤٠٠٠ شەش سەدو هەشتا و چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٢١) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ١٢٠م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٣٤٢٠٠٠٠ سێ ملیۆن و چوار سەدو بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

ا- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٢٢) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٢٥٣م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٤٥٦٠٠٠٠ چوار ملیۆن و پێنج سەدو شەست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

ا- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٢٣ + ٢٤) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٢٠م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٦٨٤٠٠٠ شەش سەدو هەشتا و چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٧- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٢٦) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٢٠م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٥٧٠٠٠٠ پێنج سەدو حەفتا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٨- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٢٧) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٤٠م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٧٩٨٠٠٠ حەفت سەدو نەوەت و هەشت هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٩- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٢٨) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٤٥م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٧٩٨٠٠٠ حەفت سەدو نەوەت و هەشت هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

لا- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٢٩) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ١٧٠م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ١٧١٠٠٠٠ یەك ملیۆن و حەفت سەدو دە هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

لا- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٣٠) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٦٨٤م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٣٤٢٠٠٠٠ سێ ملیۆن و چوار سەدو بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

١٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٣١) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٢٥٦م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ١٥٢٠٠٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەدو بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

١٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٣٢) بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٧٥م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٢٨٥٠٠٠٠ دوو ملیۆن و هەشت سەدو پەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

١٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ گۆزەپانی غاز ژمارە (٣٣) سەرمەیدان لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ٩٥٠م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ١٧١٠٠٠٠ یەك ملیۆن و حەفت سەدو دە هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

١٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ سەنتەری ڕۆشنبیری دوکانی ژمارە (١ تاکو ٩) نزیك ئاگر کۆژینەوە لە سنوری شارەوانی شەقلاوە کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٤١٠٤٠٠٠ چوار ملیۆن و سەدو چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

١٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٣٤) تەنیشت بنکەی پۆلیس لە سنوری شارەوانی شەقلاوە ڕووبەر ١٠٠م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٢٨٥٠٠٠٠ دوو ملیۆن و هەشت سەدو پەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

***

پارێزگای هەولێر
کارگێری گشتی
بەڕێوەبەرایەتی یاسایی

ژمارە: ٥٧٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧
هێنانە کایەی گوند

بە هاوپێچ وێنەیەك لە داواکاری هاووڵاتی (موسی کاویس حمدامین) بۆتان ڕەوانە دەکەین کە تیایدا هاتووە ناوبراو لەجیاتی خەڵکی گوندی (حاجی کاویس) سەربەناحیەی ڕزگاری داوای بڵاوکردنەوەی ژمارەی پارچە زەوی ژمارە (١/١) سلف لە ٦٤/ تۆبزاوە) سەر بە قایمقامیەتی قەزای خەبات بەڕووبەری (٢٨) دۆنم زەوی بۆ هێنانە کایەی گوند بۆ ئەوەی بزانرێت کەس لاری هەیە یان زەرەرمەند دەبێت بەم هۆیەوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی وەزارەتی ناوخۆ بەیانی ژمارە (٨) بۆ بڵاوکردنەوەی داواکەی بەپێی ڕێنماییەکان.

د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٨/ج/٣/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٩
بۆ/ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (نعمت مصطفی کریم خان/ نزار نعمت مصطفی کریم خان/ حسین نعمت مصطفی کریم خان/ شیروان نعمت مصطفی کریم خان/ سعدالله نعمت مصطفی کریم خان / فرزنده نعمت مصطفی کریم خان/ سالم نعمت مصطفی کریم خان/ کریم خان مصطفی کریم خان/ سامان کریم خان مصطفی/ سروان کریم خان مصطفی)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی مادەی ٤٠٦ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەڵاتنتان و نادیاری جیگاکەتان لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٩ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

سەرۆك/ فاضل عباس رسول

***

دادگای تاوانی دوو/ هەولێر
ژمارە: ٣٢٦/ج/٢٠١٧/٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
بۆ/ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ کارزان نوزاد احمد
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٣٠ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی دوو لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٢٩ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادەر/ فاضل عباس رسول

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٦٠٠٠/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (امولە امل هەزار)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (دلدار یاسین طە) داوای ژمارە (٦٠٠٠/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق الطلاق خارجی) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ ڕزگاری کوران) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٣/٤, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢

ژمارە: ٩١/ت/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٥
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: شکار فائق فتح الله
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٥) لەیاسای تیرۆر جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ٢١٩٩/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٥
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ دابان بکر عبدالله
سعید ناوی دایکی/ امینه محمود
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی تایبەت بە (تاسڵوجه) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە (٢) دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە ڕۆژی (٢٠٢٠/٥/١٣) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/کامل توفیق سعید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٢٧٣٠/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٣
بۆ/ تاوانبار/ نصیر اسعد محمد البیاتی
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووون لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٣ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لە دۆسیەی کەتنی ژمارە ١٢٢٤/ك/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٢١ لەیاسای هاتووچۆ هەموارکراو بەمادەی/ ١ یەکەم لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ دەرچووە لە پەرلەمانی کوردستان/ عێراق حوکمدرا بەسەرتا بە غەرامەکردنت بەبری (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دیناری عێراقی لەکاتی مل نەدانت بەپێدانی بری غرامەکە بەند بکرێیت بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ.

دادەر/ کامل تۆفیق سعید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ١٢٢٤/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ بەڕێز بهزاد عزت شریف ناوی دایکی/ چیمن کریم
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لە دۆسیەی کەتنی ژمارە ١٢٢٤/ك/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٢١ لەیاسای هاتووچۆ هەموارکراو بەمادەی/ ١ یەکەم لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ دەرچووە لە پەرلەمانی کوردستان/ عێراق حوکمدرا بەسەرتا بە غەرامەکردنت بەبری (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دیناری عێراقی لەکاتی مل نەدانت بەپێدانی بری غرامەکە بەند بکرێیت بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ.

دادەر/ کامل تۆفیق سعید

***

Vacancy Announcement

Job Title: HSE Manager
Job Reference: VA-26
Company: Petoil Inc.
Experience: 8+ years' experience in Health, Safety and Environment
Education: Bachelors
Location: Sulaimani, KRI

Responsibilities

- Knowledge and promotion of HSE policies and procedures.
- Implement HSE plans and strategies and coordinating such with the rig contractors and the relevant well service contractors.
- Manage and supervise Site HSE Supervisors and making sure they comply with the company's HSE policies and procedures.
- Encourage a culture of safety in office and on site.
- Carry out any in-house safety training.
- Raise management's and staff's awareness of safety accountabilities and responsibilities.
- Design and carry out rig safety awareness induction, coaching and training programs for all rig site workers.
- Ensure workplace safety.
- Develop safety procedures.
- Encourage the prompt reporting of hazards & risks.
- Preparation of Health and Safety documentation for new tenders.
- Provides Safety support and advice, including supervision on preparation of plans and procedures for initial contract start up activities.
- Carry out safety audits on Sub-contractors.
- Conduct workplace audits and risk assessments.
- Recommend remedies to identified risks & hazards.

ئەگەر ئەو مەرجانەی لای سەرەوەت تێدایە , تکایە سیڤی خۆت بە زمانی ئینگلیزی بنێرە بۆ
dashne@petoil.com.tr و ئاماژە بە ناوی پۆستەکە بکە. دوا ڕۆژی وەرگرتنی CV: 2020/02/24.

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ۲۵/ت/۲۰۱۵/ ب
رێکەوت: ۲۰۲۰/۲/٤
بۆ/ تاوانبار/ سەرکەوت عثمان کریم احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووین لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ۲۰۱۹/۱۱/۱۸ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ۳۱/٤۰۵ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش ساڵ. وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.
دادوەر/احمد حجی داهر
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/۵
ژمارە/ ۲۰۰۸/ب/۲۰۱۹/۵
رێکەوت/ ۲۰۲۰/۲/٤
پێراگەیاندن
بۆ داوالێکراو کیلان تحسین حسن
داواکار (طارق تحسین حسن) داوای ژمارە ۲۰۰۸/ب/۲۰۱۹/۵ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر کیلان تحسین حسن ئەم دادگایە لە دادبینی رۆژی ۲۰۱۹/۱۲/۱۸ بریاری دا بە نەمانی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە ۳۲۰ ك عرب لەگەل خستنە ئەستۆی تێچووی داوا و ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر (گەرەکی سەیداوە) لە ۲۰۲۰/۱/۲۹ بڕیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی و بۆ مەبەستی پێراگەیاندنت و مافی نارەزایی و (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاساییدا لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ و کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ حسین علی محمد
***
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە/ ۸۳۱/٦
بۆ قەرزاری بارمتەدەر عادل عبدالکریم اسماعیل
ب/ پێراگەیاندن
بەپێی رووبەرکردنەوەی اشعاری مختاری گەرەکی نیشتمان کە تیایدا هاتووە نیشتەجێبوونی ئێستات نادیارە بریارماندا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەپێراگەیاندنت بەپێی مادەی ۱/۱٦۷ لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە سەبارەت بە قەرزی مصرف الشرق الاوسط العراقی للاستثمار بەپێی بارمتەدانراو لەسەر مولکی ژمارە (٤۲/۷۲۹)ك ٤٤ وارش کە خانووە لەگەڵ پێکهاتەکانی بۆپێدانی بری قەرزەکە کە دەکاتە تەنها (۱۷۳۹٤۳۸۲۳) سەد و حەفتاو سێ ملیۆن و نۆسەدو چل و سێ هەزار و هەشت سەد و بیست و سێ دیناری عێراقی لە رێکەوتی ۲۰۱۳/۱۲/۳ رێکەوتی دانەوە (تاریخ الاستحقاق) قەرزەکە هاتووە. پێویستە لەماوەی پانزە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم پێراگەیاندنە سەردانی مصرف الشرق الاوسط العراقی للاستثمار بکەیت بەپێچەوانە دەست دەکرێت بە رێکارەکانی فرۆشتنی بە ئاشکرا المزایدە مولکی سەرەوە کە تۆمارە بە ناوت لە بە ر ێو ە بە ر ا یە تیە کە ما ن .
هێور محمد احمد
بەرێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
***
ئەنجومەنی دادوەری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی چەمچەماڵ
ژمارە : ۱ / ب / ۲۰۲۰
بەروار : ۱۷ / ۲ / ۲۰۲۰
ئاگاداری
داواکار : عبدالله احمد محمد
داوالێکراو : فاتح احمد غفور بەرێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای (ئەزمیر) بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە / سنوردار(ئێستا شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە)
داواکار (عبدالله احمد محمد) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە لە دادگاکەمان بە ژمارە (۱ / ب / ۲۰۲۰) کە تیایدا داوای کردووە بە پابەنکردنت بە (گەڕاندنەوەی بڕی (۱۷۵۰۰۰۰۰۰) سەد و حەفتا و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی بۆ داواکار وەکو پارەی قەرز) وە خەرجی داواکە بکەوێتە ئەستۆت، دەرکەوت کە بانگێشتنامەی ئاگادارکردنەوەت بۆ رۆیشتووە و ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە پێویستە ئاگادارکرێیتەوە لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی (۲۰۲۰/٤/۲۰) وە ئەگەر ئامادەنەبیت یان نوێنەری یاساییت ئامادە نەبێت ئەوا دادبینی بە ئاشکرا و پاشملە دەبینرێت بە پێی یاسا.
دادوەر / جال صدرالدین علی
***
وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار
بە رێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیە کانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رِزگاری
هۆبەی هونەری
ژمارە/٤۱۰/۲۹۱
رِێکەوت/۱٦/۲/۲۰۲۰
سەرۆکایەتی شارەوانی رِزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (۱۹۸۷-۱۹۸۹) زەویان لە ناحییەی رِزگاری (صمود) وەرگرتوە کە هاوڵاتی(عبدالجبارمحمدامین علی) خاوەن زەوی ژمارەی هەوایی (۹۰۸۱) داوای رِێگا پێدانی کردوە بە مەبەستی دروست کردنی خانوو هەرهاوڵاتیەك گلدانەوەی لە سەرئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (۳۰) رۆژدا لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆ ناوبراو دەکات.
ئەندازیار/ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رِزگاری

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ۱۲۰۱
رێکەوت / ۲۰۲۰/۲/۱۷
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (A. V. A. E / بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (۱۷۷) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالی ۱۹۹۷ هەموارکراو .
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامی مادەی (۱٦۰) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالی ۱۹۹۷ ی هەمووارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ۱۲۰۰
رێکەوت / ۲۰۲۰/۲/۱۷
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (المرغوب) بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (۱۷۷) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالی ۱۹۹۷ هەموارکراو .
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامی مادەی (۱٦۰) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالی ۱۹۹۷ ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ۲۷٤۰
رێکەوت: ۲۰۲۰/۲/۱۳
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (Maximum Care)
بۆ (کارگێری دامەزراوەکان/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (Maximum Care) بۆ (کارگێری دامەزراوەکان/ سنوردار) لە رێکەوتی (۲۰۲۰/۲/۱۳) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەرێز (لاڤە ابوزید محمد) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (۱٦۰) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالی ۱۹۹۷ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ۲۰۲۰/۲/۱۳
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (Maximum Care) بۆ (کارگێری دامەزراوەکان/ سنوردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر - روناکی).
پاکتاوکار/ لاڤە ابوزید محمد
نانیشان/ هەولێر – روناکی
ژمارە مۆبایل/ ۰۷۵۰۷٦۳۵۷۲٤

Crescent Petroleum

Job Vacancy	
Position Title	**Technical Assistant**
Direct Supervisor	Maintenance Excellence Manager
Department	Operations
Job Location	Erbil – Kurdistan Region of Iraq
Job Reference: TA/Ops/Feb/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Support Operations Manager and Maintenance Excellence Manager in managing their day to day tasks with routine / non-routine documentation and administrative tasks, including Operation and Production reports, Budget reports and KPI tracking. Coordinate with various departments, including MNR to ensure information/ input is received in a timely manner. Prepare, update and manage expat rota schedule and submit / TRFs to Movcon

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

1. Assist Ops & ME managers in preparing paper works & getting approvals for different tasks.
2. Assist Ops & ME managers in preparing documents and data with organizing, formatting and charts.
3. Compile reports of various departments.
4. Act as document controller for the OMS and IBMS.
5. Assist with document preparation – Standards/Guidelines/Procedures for the OMS.
6. Arrange meetings for asset choke holders under the production management framework.
7. Coordinate with appropriate functions to prepare monthly budget reports.
8. Coordinate with appropriate functions to prepare monthly Management and MNR reports.
9. Prepare managers timesheets/expense reports etc.
10. Prepare, update and manage annual Company Ops Scorecard (KPI Targets) dashboard.
11. Coordinate with Operations & maintenance and compile OPCOM presentation.
12. Support HSE, Security and other departments on data organization and formatting.
13. Engage with Operations/ Maintenance / Engineering / IT / Supply Chain / HSE Asset Protection and MNR as per business needs.
14. Participate as a scribe in Erbil Incident Room.
15. Manage and gain approval for - through an MOC process- any site design changes as per site conditions.
16. Ensure project HSE targets are met or exceeded.
17. Report progress daily with a comparison of actual versus planned progress

Crescent Petroleum

Decision–making Authority
N/A

Working and Other Reporting Relationships	
Maintenance Excellence Manager	Frequent/daily
Operations Manager	Frequent/daily
Operation and Engineering Teams	Frequent/daily

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required
University Degree preferably in Engineering discipline. Relevant training or qualification.

Minimum Professional Experience Required
05 years' experience in similar position. Experience in Oil and Gas industry is required.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities		
Core Competencies	**Behavioural Competencies**	**Functional Competencies**
• Excellent organizational and planning skills • Excellent supervisory and mentoring skills • Excellent communication skills in English (spoken & written) • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing	• Ability to work with personnel from various backgrounds • Making appropriate decisions with minimum supervision. • Well-developed interpersonal skills • Multi-tasking skills • Cultural awareness • Team player	• Excellent knowledge of MS Projects, Word, Excel and Outlook. • In-depth understanding of oil and gas production equipment and processes beneficial • Excellent project management skills • Knowledge of administrative and clerical procedures.

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than **27 February 2020:**

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.
OR
e-Mail it to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is **Technical Assistant, Ref: TA/Ops/Feb/20)**


ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای SCO



بەشی دووەم و کۆتایی

خۆشەوی مەلا بڕایم

ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای لە ڕووی تەناهییەوە تا ڕادەیەک دەستکەوتی هاوبەشی هەبووە، لە ڕووی سوپایشەوە لێکنێزیکبوونەوەیەک چێ کراوە، بەڵام وەکو ڕێکخراوێکی هەرێمی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵگە بە هاوشێوەی وەکو بلۆکەکانی جیهانی نەیتوانیووە ڕۆڵی خۆی ببینێت . ئەو ڕێکخراوە لە وڵاتانی ڕووسیا، چین، کازاخستان، کرکیزستان، ئۆزبەکستان، هیندستان و پاکستان پێکدێت وڵاتانی (ئێران، ئەفغانستان، بیلاروسیا و مەغۆلستان)یش وەکو ئەندامانی چاوەدێرن (ئازەربایجان، ئەرمەنستان، نیپاڵ، تورکیا، کامبۆچیا و سریلانکا) بە هاوکارانی دانوستاندن ئەژمار دەکرێن. چاوەڕێیەکی زۆر دەکرا، کە بە ئەندامبوونی هیندستان و پاکستان وەکو دوو وڵاتی زلهێز و خودان ئەتۆم هەڵوێستی نێودەوڵەتی و ئابووری ئەو ڕێکخراوە بەرز ببێتەوە. سێگوشەی ڕووسیا، هیندستان و چین زۆر گرینگە و هەر لە ساڵانی هەشتاکانەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەبووە. ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراوەکەش:



چین دەیەوێت بە بەشداری لە پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئینفراسترۆکتۆری وەکو ڕێگەوبان، ڕاکێشانی هێڵەکانی تەلەفۆن، چێکردنی بەندەر و هێڵی ئاسن، فڕۆکەخانە و ناوەندەکانی وزە ببێتە بەشێک لە لایەنەکانی ناو بازاڕی وڵاتانی جیهاندا

شێوەی کاغەزی بەهاداری ئەمەریکایی سەرمایەگوزاری کراوە، ئێستە چین پشکی سەرەکیی لەو بانکەدا هەیە، بە ڕێگەی بەشداری وڵاتانی هەرەگەورەی جیهان و سەرمایەکی زۆرەوە دەتوانێت، کە بەشداری لە ئاوەدانی ئینفراسترۆکتۆری جیهاندا بکات، بەو ڕێگەیەوەش دراوی یەن دەبێتە دراوێکی جیهانی پایەدار، هەروەها ڕادەی هەناردەی چین و بەشداری لە بازاڕەکانی دارایی و دراوی جیهانیش بەرز دەبێتەوە.

هیندستان 7,5% و ڕووسیاش 5,92% دەنگی هەیە، ئێستە دراوی بەکارهێنەر دۆلارە، بەڵام لە داهاتوودا چین دەیەوێت، کە لەپاڵ دراوەکانی دیکە پارەی نەتەوەیی خۆی یەن بەکار بهێنێت، کە ئەوەش واتای بە جیهانییبوون و ئینتەرناسیۆنالیستی بوونی دراوی چینی دەگەیەنێت. جاران بە پارەی چین و وڵاتانی دیکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە ڕێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پڕۆژەی ئینفراسترۆکتۆری بۆ ئاسیا جێبەجێ دەکران، بەڵام ئێستە چین دەیەوێت، کە ڕاستەوخۆ ئەو کارە بکات، لەهەمانکاتدا ببێتە گەورەترین ئەکتەری مالی جیهانیش. چین دەیەوێت بە بەشداری لە پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئینفراسترۆکتۆری وەکو ڕێگەوبان، ڕاکێشانی هێڵەکانی تەلەفۆن، چێکردنی بەندەر و هێڵی ئاسن، فڕۆکەخانە و ناوەندەکانی وزە ببێتە بەشێک لە لایەنەکانی ناو بازاڕی وڵاتانی جیهاندا. لەو ڕووەوە پسپۆری کۆمپانیای Universal Gold (سیائۆ لیی) لە ڕۆژنامەی ژێنمین ژیبائۆدا دەڵێت: چین خودان 4ترلیارد $ یەدەکە، کە زۆرینەی بە دراوی یەنی چینی دەیەوێت ململانێ لەگەڵ دۆلاردا بکات:

جگە لە پسپۆرانی چینی زۆر لێتۆژانی دیکەی وڵاتانی ئەورووپاییش دەڵێن: کە بە ئەندامبوونی وڵاتانی ئەورووپایی لە بانکی ئینفراسترۆکتۆری سەرمایەگوزاریدا بنەمایەکانی دارایی - ئابووری ئەو وڵاتانە بەهێز دەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو بەشداری هاوبەشە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دراوی یەنی چینی، وەکو دیارە ئەمەریکا پێی ناخۆشە، کە وڵاتانی ئەورووپایی لەو بانکەدا دەبنە ئەندام، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش پاڵپشتوونەڕێک بوو، کە چین ئەو هەنگاوە بگرێتە بەر، دەنگەکانی چین لە بانکی جیهانی دراو کەمکراونەتەوە، ئەوەش وەکو هاندەرێک بوو، لە لایەکی دیکەوە چینیش بە سیاسەتی دووبەرەکی نانەوە لە نێوان ئەورووپا و ئەمەریکا دەیەوێت، کە پێوەری دەسەڵاتی دارایی و دراوی خۆی لە ئاسیادا فەرمان بکات. وڵاتانی ئاسیایی ناوەڕاستی وەکو کازاخستان و کرکیزستان و تاجیکستانیش بوونەتە ئەندام و بڕیارە، کە لە کۆتایی ساڵی 2015 ئەو بانکە دەست بەکار ببێت.

بەشێکی زۆری پسپۆرانی چینی لەو بڕوایەدان، کە تا ئێستە سیاسەتی سەرمایەگوزاری چین لە ڕووی دارایییەوە هەر بە پارێزکارانە مابووە، بۆیە پێویستە کە چەندان هەنگاوی دیکەی خێرا بنێت:


١- پێویستە بارودۆخی لەبارێ زیاتری سەرمایەگوزاری فەراهەم بکرێت.

٢- ڕێگە بە سەرمایەی دارایی بیانی بدرێت، کە سەرمایەگوزاری لەناو چین دا بکەن، چینییەکانیش بەهەمان شێوە لە دەرەوەدا.

٣- پێویستە یاساکان لەبارەی دەستەبەرکردنی دراوی پتەودا بگۆڕدرێن. (تا ئێستە ناکۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەندێ وڵاتی دیکەی پێشکەوتووی جیهان لەگەڵ چین لەسەر ئەوەیە، کە چین چیدیی پشتیوانی لە نزمبوونی نرخی یەن نەکات و نرخی گۆڕینەوەی لە هەمبەر دراوەکانی دیکە بە ئازادی بهێڵێتەوە، لەو هاوسەنگییە بەهێزەی بازرگانی و گەشەی بەرزی ئابووریدا دراوی چینی بەنرخ دەکەوێت و نرخی بەرز دەبێتەوە، ئیتر ئەو وڵاتەش چیدیی وەکو جاران ناتوانێت، کە بەو قەبارە گەورەیە کاڵا هەناردەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات، چونکە بۆ ئەمەریکا بووەتە جێگەی نیگەرانی، هەرچەندە تا ئێستەش سیاسەتی ئەمەریکا بە ڕەهەندی شێوەی دابینکردنی کاڵای هەرە هەرزانە، کە ئەوەش سیاسەتی دوو ستاندارتی دەگەیەنێت، کە لەلایەکەوە دەیەوێت، کە کاڵای هەرزان هاورده بکات، لە لایەکی دیکەیشەوە زیادی هەناردەی چین و هەرزانی شتومەکی وەکو مەترسییەک و ڕکابەرێک لە هەمبەر کاڵاکانیدا دەبینێت). سەرەڕای ئەو کەموکوڕییانە لەو 10ساڵەی دوایەدا قەبارەی سەرمایەگوزاری لە چین بە ڕێژەی 34جار زیاد بووە و ڕێژەی قازانجی کۆمپانیاکانی حکومەتی چین لەو دوو مانگەی ڕابردوودا بە ئەندازەی لە 20% کەمبووەتەوە.



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1965:
غامبیا سەربەخۆیی لە شانشینی یەکگرتوو ڕاگەیاند و بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ.



ساڵی 1978:
یوسف سباعی وەزیری ڕۆشنبیری میسر لە قوبرس تیرۆر کرا.



ساڵی 1980:
ئوردن سەرجەم پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی لەگەڵ ئێران پچڕاند.



ساڵی 1985:
سوپای ئیسرائیل کۆتایی بە پرۆسەی کشانەوە لە سەیدا هێنا.



ساڵی 2009:
لەبەر باری تەندروستی، دەسەڵاتدارانی میسر ئیمەن نوری سیاسەتوانیان ئازاد کرد.



ساڵی 2016:
لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا تەقینەوەیەک ڕوویدا و لە ئەنجامدا 18 کەس کوژران و 61 کەسی دیکە بریندار بوون.

www.xebat.net
سێ 2020/2/18 ژمارە (5935)
خەبات

گۆڤاری فۆرین پۆلیسی :

خەریکە رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو جیهان شکست دێنێ

ئا: هەندرێن شێرزاد

راجان مینۆن ، مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی نیویۆرک لە بابەتێکدا کە لە گۆڤاری فۆرین پۆلیسی ئەمەریکی بڵاو کراوەتەوە سەرجەم ئەو بۆچوون و لێکدانەوانە پێچەوانە دەکاتەوە کە پێیان وایە سەرۆکی رووسیا توانیویەتی سەرکەوتووانە وڵاتەکەی بگێڕێتەوە نێو گۆڕەپانی سیاسی نێودەوڵەتی و رووبەڕووی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا و رۆژئاوا ببێتەوە .



چەند راستییەک

نووسەر لە بابەتەکەیدا نووسیویەتی : ئەوەی وەک سەرکەوتن بۆ پوتن دەژمێردرێ ، لە راستیدا تەنیا بریتیە لە چەند سەرکێشیەک و هیچی تر ، ئەو هەوڵ دەدات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئەفریقیا سوود لە هەژموونی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ببینێ . لە رۆژئاوا ، پێدەچێ لیبرالخواز و پارێزگارەکان لەسەر ئەوە کۆک بن کە جارێکی دیکە رووسیا وەک زلهێزێک گەرماوەتەوە بۆ نێو گۆڕەپان ، لەنێو خودی رووسیاش شارەزایانی بواری سیاسەتی دەڕوە دەڵێن: وا باشترە رۆژئاوا لەسەر گەرانەوەی وڵاتەکەیان خۆی رابێنێ . بەڵام نووسەری ئەم بابەتە وای بۆ دەچێ کە ئەم جۆرە لێکدانەوانە خۆیان لەبەردەمی راستییەکان رانەگرن. لە لایەک کۆی داهاتی ناوخۆیی هەموو رووسیا کەمێک لە داهاتی ئسپانیا زیاترە کە ژمارەی دانیشتوانی زۆر کەمترە ، هەروەها بودجەی سەربازی رووسیا لە یەک لەسەر دەی بودجەی سەربازی ئەمەریکا کەمترە ، هەروەها ئەو بودجەیە لە هی چین و تەنانەت ژاپۆنیش کەمترە.

سوریا بارگرانیە

زێدەڕۆیی دەکرێ لە باسکردنی سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا ، دەربارەی سووریا ، بەگوێرەی ئەوەی باسی لێوە دەکرێ ، ساڵی 2015 پوتن سوودی لە دوودڵی باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بینیوە سەبارەت بە دەستوەردانی سەربازی لەو وڵاتە ، هەر ئەمەش وایکرد دواتر ئەو لە سووریا بااڵدەست بێ . بەاڵم لە راستیدا جموجۆڵەکانی پوتن هیچ پەیوەندیەکیان بە ئۆباماوە نەبوو .

لە ساڵی 1956ەوە سووریا هاوبەشی ستراتیژیی مۆسکۆیە ، هەر لەو ساڵەشدا پرۆسەی فرۆشتنی چەکی سۆڤیەت و مەشقکردن بە سەرباز و فرۆکەوانانی سوریا لە چیکۆسلۆڤاکیا و پۆڵەندای هاوپەیمانی سۆڤیەت دەستی پێکرد .

هەر لەو ساڵەدا سووریا بۆ یەکەم جار داوای کرد کە فرۆکەی شەڕکەری سۆڤیەتی بە خاکیدا بڵاو بکرێنەوە بەاڵم دواتر کرێملین رازی نەبوو .

دواتر لە سەردەمی شەڕی سارد سۆڤیەت بوو بە سەرچاوەی سەرەکی یارمەتیە دارایی و سەربازیەکان بۆ سووریا .

ساڵی 1971 کەشتیە جەنگیەکانی سۆڤیەت بەندەری تەرتوسی سوریایان بەکار هێنا .

ساڵی 1980 دیمەشق و مۆسکۆ پەیماننامەیەکی هاوکاری ستراتیژیان مۆر کرد.

دواتر ، پوتن پێی وابوو کەوتنی بەشار ئەسەد یان ئەوەتا دەبێتە مایەی گێرەشێوێنەکی دوورودرێژ یان سەرکەوتنی گرووپە ئیسلامیە تووندڕەوەکان ، ئەمەش لە هەردووک حالەتدا دەبێتە گورزێک بۆ رووسیا .

هەر کاتە رووسیا دەیزانی کە هێزی ئاسمانی بەتەنیا ناتوانێ تەواوی خاکی سووریا بۆ ئەسەد رزگار بکات ، بەاڵکو ئەمە کاری هێزی وشکانییە . ئەوەبوو هێزی وشکانی رەوانەی ناوچەکە کرد و ژمارەیەکیشیان بەهۆی هێرشی فرۆکەکانی ئەمەریکا کوژران .

مینۆن لە بابەتەکەیدا نووسیویەتی : بڕیاری شەڕکردنی ئێران و حزبوڵای لوبنان لە سووریا لە ئەنجامی دابەشکردنی کارەکان نەبوو لەلایەن رووسیا ، بەاڵکو ئەوان لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت بەخۆیان ئەم بڕیارەیان دا . لە راستیدا بۆچوونی ئەوان سەبارەت بە ئایندەی سووریا هەمان لێکدانەوەی رووسیا نیە بەاڵکو رێگە نادەن رووسیا بەتەنیا لە دارشتنی سیاسەتی سووریا بەشدار بێ . بە واتایەکی تر ، رووسیا لە سووریا نەپیردەوە . لە لایەکی دیکە ، بانکی نێودەوڵەتی پێی وایە کە دووبارە بونیادنانەوەی سووریا 250ملیار دۆلاری پێویستە ، ئەمەش زۆر لەوە زیاترە کە رووسیا بەرگەی بگرێ .

لە کۆتاییدا ئەوان دەچنەوە باوەشی ئەمەریکا

مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی نیویۆرک پێیوایە کە زێدەڕۆیی کراوە سەبارەت بە دەستکەوتەکانی رووسیا لە وڵاتانی دیکەی رۆژهەاڵتی ناوەڕاست . گومان نیە لەوەی مۆسکۆ رۆڵی لە مەلمانێی لیبیا هەیە ، بەاڵم هەوڵدان بۆ دەستخستنی دەسەاڵت لە وڵاتێکدا کە لەاڵیەن دوو حکوومەتەوە بەڕێوە دەبرێ (خەلیفە حەفتەری سەرکردەی سەربازی بەهێز و ژمارەیەک میلیشیای چەکدار) لە کۆتاییدا سەر ناگرێ . لەوالشەوە جموجۆڵی رووسیا لە ئیسرائیل و سعودیە و میسر گرنگی زۆری پێ دراوە و پوتینیش لەو وڵاتانە کارتەکانی بەچاکی بەکار هێنا ، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی پێویست هەموو ئەم وڵاتانە دەچنەوە باوەشی ئەمەریکا.

ئەفریقیا

لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی رابردوودا ، پوتن 43 سەرۆکی وڵاتانی ئەفریقیای لە کۆبوونەوەیەکی لووتکەدا لە سوچی بەیەک گەیاند و کۆبوونەوەکە ریکالامێکی گەورەی بۆ کرا ، بەاڵم پێدەچێ دەرەنجامەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ رووسیا لە شتێکی رەمزی زیاتر هیچی دی نەبێ . لە راستیدا ئەگەر مۆسکۆ بخوازێ لە کیشوەری ئەفریقیا ببێتە یاریزانێکی سەرەکی ، پێویست دەکات بەسەر بەرزایی زۆردا سەر بکەوێ ، چونکە لەو کیشوەرەدا ئەمەریکا و ئەورووپا و چین و تورکیا و هیند لە پێشبڕکێیی بەردەوام دان . راستە بەم دواییانە مۆسکۆ بە تایبەتی لە بواری بازرگانی چەند دەستکەوتێکی لە ئەفریقیا وەدەست هێناوە ، بۆ نموونە ، لە نێوان ساڵانی 2006و 2016ڕێژەی هەناردەکردنی کەلوپەلی ئەمەریکی بۆ وڵاتانی ئەفریقیا بە ڕێژەی 7%دابەزیوە و ڕێژەی هاوردەکردنیش بە ڕێژەی 66%دابەزی . سەبارەت بە رووسیاش ئەگەرچی ئەم ڕێژانە بۆ 142%و 168% بەرز بوونەتەوە ، بەاڵم ئەم بەرزبوونەوەیە لە سەرەوەی هێڵێکی بنەڕەتی زۆر بچووک دایە . سەبارەت بە وڵاتانی باشووری بیابانی گەورەش ، لە ساڵی 2017ئاستی بازرگانی نزیکەی 3ملیار دۆلار بووە ، بە بەراورد لەگەڵ 55ملیار دۆلار لەگەڵ چین . بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە سەرمایەگوزاریی بیانی راستەوخۆی رووسی لە ئەفریقیا ، مۆسکۆ تەنانەت لەنێو دە وڵاتی یەکەمیشدا نیە .


لە دەوروبەر ڕ باسە؟

تەنانەت لە دەوروبەری خۆشی رووسیا دووچاری بەربەست بۆتەوە ، بۆ نموونە : کاتێک مۆسکۆ لە 2014دوورگەی کریمیای خستەوە ژێر دەسەاڵتی خۆی ، دواتر پشتگیریی یاخیبوانی ڕۆژهەاڵتی ئۆکرانیای کرد ، بەمە وڵاتێکی گرنگی دراوسێی خۆی کرد بە یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی . ئێستاش ئەگەرچی بە ئەندامبوونی لە ناتۆ وا ئاسان نیە ، بەاڵم دوور نیە ئۆکرانیا روو بکاتە ڕۆژئاوا.

چین شوێنی رووسیا دەگرێتەوە

هەموو ئاماژە و پێشهاتەکان بەو ئاراستەیەن کە رووسیا لە سەردەمی پوتندا لە ئاسیای ناوەڕاست هیچی وای دەست نەکەوتووە . لەو بەشەی جیهاندا کە پێشتر بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی رووسیا و دواتر یەکێتی سۆڤیەت ، چین بووە هۆکار بۆ لاوازکردنی رۆڵی میژوویی رووسیا ، ئەگەرچیش تا ئێستا شوێنی ئەوی بە تەواوی نەگرتووە . ئەمەش زیاتر لە بواری بازرگانیدا دەردەکەوێ ، لەوێ ئێستا پەکین بۆتە هاوبەشی بازرگانیی یەکەم و سەرچاوەی سەرمایەگوزاری . یەکێک لە ئاماژەکانیش ئەوەیە کە ئێستا بەشی زۆری نەوت و غازی ناوچەکە لە جیاتی رووسیا ، روو دەکاتە چین .

مانشێت



سکای نیوز:
پۆلیسی رووسیا کەسێکی دەستگیر کرد کە لە کلێسایەکی مۆسکۆ بە چەقۆ دوو کەسی بریندار کردبوو.



ئەی ئێف پی:
هەزاران کەس لە دانیشتووانی ڕەسەنی کەنەدا خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا و داوایان لە حکوومەت کرد کە پرۆژەی دانانی بۆری گواستنەوەی غاز لەنێو کێڵگەکانیان بوەستێنرێ.



ئیلاف:
بە مەبەستی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا ، وڵاتانی بەلکان و سەرانی ئەو یەکێتیە دەستیان بە دانوستان کرد.



ڕۆیتەرز:
بەهۆی رازینەبوون بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی گشتی، دەزگا ئەمنیەکانی ئازەربایجان 3سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن و 100 چالاکوانی دەستگیرکرد.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دوای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هوبای، حکوومەتی چین لەو هەرێمەدا ڕێوشوێنی توندی گرتەبەر.



کەنالی ئار تی:
کۆشکی سپی رایگەیاند کە سەرۆکی ئەمەریکا داوای لە رووسیا کردووە چیتر یارمەتی سوپای ئەسەد نەدات.

کاریکاتێر



www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2020/2/18 ژمارە (5935)
خەبات

گرنگترین کرداری کشتوکاڵی حەوزی ماسیی



بۆ ئەوەی خاوەن حەوزە ماسییەکانی سوودی ئابووری باشیان پێ بگات پێویستە ڕێنماییە زانستییەکان پەیڕەوبکەن وەک:-

یەکەم. ئەم مانگە بە باشترین کات دادەندرێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ وەرزی بەرهەم هێنان بە تایبەتی دوای کەمبوونەوەی ئەگەری شەختە و بەستەڵک و سارد و سەرمای زستان و نزیک بوونەوە لە وەرزی بەهاردا.

دووەم. گۆماوەکان (حەوزەکان) وشک دەکرێنەوە و گژوگیا تێیاندا ناهێڵدرێت و نۆژەن دەکرێنەوە بۆ ئامادەبوون بۆ وەرزی بەرهەمهێنان.

سێیەم. دوای وشکردنەوە و خاوێنکردنەوەی حەوزەکان دەستدەکرێت بە پەینکردنی خاکەکە بە فۆسفاتی کالیسیۆم و ئاو لە حەوزەکە دەکرێت تاکو بەرزایی 1 مەتر بە لایانی کەمەوە.

چوارەم. ئەو حەوزانەی لەم مانگەدا ماسییان تێدایە دەستدەکرێت بە ئالیکدانی ماسییەکان بە تایبەتی لەو ڕۆژانەی پلەی گەرمی بەرزە بە تێکڕای 1% لە کێشی ئەو ماسییانەی لە حەوزەکەدا هەیە ئالیکیان پێ دەدرێت. و پەینکردنی کیمیایی بە تەواوی دەوەستێندرێت.

پێنجەم. ئەو حەوزانەی ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی پەنجەماسیی تێبکرێت زێدە ڕۆیی لە پەینکردنی ئۆرگانی ناکرێت و گرنگی بە خۆراکدانی حەوزەکان دەدرێت بە بەکارهێنانی 30کگم سوپەر فۆسفاتی کالیسیۆم کە لە ئاو کرابێت بۆ ماوەی 24 کاتژمێر و لە لیٚوارەکانی حەوزەکە دەپژێندرێت.



سوودە تەندروستییەکانی شێلم

شێلم دەوڵەمەندە بە ژمارەیەکی زۆری تۆخمی کانزایی وەک: کالیسیۆم و پۆتاس و مەنەگەنیز و کبریت (گۆگرد) و یۆد و ئاسن و سفر. بە هۆی هەبوونی کبریت لە پێکهاتەکەیدا، خواردنی باشە بۆ ئەو کەسانەی کە کێشیان زۆر و ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی پێستیان هەیە. گرنگترین سوودەکانی ئەمانەن:-

یەکەم. بەهۆی دەوڵەمەندی بە ڤیتامین A بۆ چارەسەری گزی بینین بەکار دێت.

دووەم. نەخۆشیی سییەکان چارەسەر دەکات.

سێیەم. بەسوودە بۆ ئازاری نەقرەس.

چوارەم. سووڕی خوێنی نێو گورچیلەکان چالاک دەکات بەوەش جەستە لە پۆزیک ئەسید پاکدەکاتەوە دەکاتەوە.

پێنجەم. توانای سێکسی بەهێز دەکات.

شەشەم. خواردنی باشە بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشییەکانی وەرزی سەرما وەک ئەنفلەوەنزا بۆیە لە وەرزی زستاندا دەخورێت.

حەوتەم. خوێن خاوێنەدەکاتەوە و یارمەتی دروستبوونی پێکهاتە سەرەکییەکانی خوێن دەدات.

هەشتەم. پێست شێدار دەکات و جەستە چالاک دەکات و بەسوودە بۆ ئەوانەی دووچاری قەبزی دێن.

نۆیەم. کۆکە کەمدەکات و بەسوودە بۆ نەخۆشەکانی ڕەبو و هەوکردنی سییەکان.

دەیەم. ئاوەکەی بەسوودە بۆ ئەوانەی بەردی گورچیلەیان هەیە.

پێکهاتەی پەینە ئۆرگانییەکان و گرنگی بۆ ڕووەک

زۆر جۆرە پەینی ئۆرگانی ناسراو هەیە کە بۆ ڕووەکی باخداری بەکار دێت و کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەی گەلا و گوڵ و بەرهەم هەیە، وەک کۆمپۆست و بیتمۆس و زبڵی ئاژەڵی و پەینی دیکە، زۆر جار بەکاربەرەکە پێکهاتەی جۆرەی پەینەکان نازانێت، لێرەدا هەندێک سیفەتی ئەو پەینە ئۆرگانیانە باس دەکەین لە هەمانکاتدا باس لە بڕ و جۆنیەتی بەکار هێنانیان دەکەین:-

یەکەم/ پیتمۆس: بریتییە لە خۆڵێکی ئۆرگانی بەهۆی شیبوونەوەی لەسەرخۆی جۆرێک لە قەوزەکان کە بە (سیفجینیەم Sphagnumm) دەناسرێت پێکهاتووە و لە زەلکاوەکاندا دەژیت بە ڕادەیەکی زۆر لە باکووری کیشوەری ئەوروپا هەیە. ئەو جۆرە پەینە زۆر هەژارە بە مادەی خۆراکی تەنها بە ژینگەیەکی گەشەی ڕووەک هەژمار دەکرێت و لە گەڵ جۆرەها خاک تێکەڵ دەکرێت. گرینگترین سیفەتەکانی فشۆڵی و کەم کێشییە بەوەش هەوا گۆڕکێی خاک زیاد دەکات، پێکهاتەیەکی ئیسفەنجی هەیە توانای لەخۆگرتنی ئاو و شێی زۆرە ئەوەش زۆر گرنگە بۆ خاک بۆیە لە کاتی بەکارهێنانی پێویستە بەردەوام شێدار بێت و نابێت بۆ ماوەیەکی درێژ بە وشکی جێبهێڵدرێت، چونکە خاکەکە بە خێرایی وشک دەبێت و توانای مژینی شێ لەدەست دەدات بەوەش ئەو خەسڵەتانەی باسمانکرد نامینێت.

پیتمۆس: ژینگەیەکی پاقژی تەعقیم کراوە بە شێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی نەخۆشیی تێدا نییە و هەندێک ترشە ئەو خەسڵەتەش ویستراوە بۆ ڕووەکەکانی نارماڵ.

دووەم/ کۆمپۆست: ئەو پەینە لە تێکەڵکردنی پاشماوەکانی ڕووەکی وەک (کا) بۆ دابینکردنی کاربۆن و پاشماوەکانی ئاژەڵی و پاشماوەکانی ماڵ وەک تۆپکڵی پرتەقاڵ و تۆپکڵی هێلکە و بەرماوەکانی سەوزە گەلاییەکان و تۆپکڵی مۆز و پەتاتە تا دوایی پێکدێت. ئەو تێکەڵەیە دەکرێتە بەشی بجووک بجووک یان دەهاڕدرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی خێرا شیبێتەوە و لەسەر یەک کۆدەکرێتەوە و هەندێک زبڵ یان پاشەڕۆی مانگا یان پاشەڕۆی بزنی تێکەڵ دەکرێت، لە هەمانکاتدا شێدار دەکرێت و بۆ ماوەی سێ حەفتە بە لایانی کەمەوە لە بارودۆخی تایبەتدا جێدەهێڵدرێت بۆ ئەوەی لە کۆتایدا پەینێکمان دەستکەوێت بە ناوی کۆمپۆست کە سەرجەم تابەتمەندییەکانی پیتمۆسی هەیە جگە لە پیسییەکەی بە تایبەتی ئەگەر تێگەڵی پاشەڕۆی ئاژەڵ کرابێت و لە هەمانکاتدا بۆنەکەی زۆر ویستراو نییە، بەڵام کۆمپۆست ماددەی خۆراکی بەسودی تێدایە کە ڕووەک سودی لێ دەبینێت ئەوەش بەندە بەو پێکهاتەیەی کە بەکارهاتووە لە دروستکردنی، ئەگەر سەرچاوەکە ڕووەکی بێت ئەوە کۆمپۆستەکە خاوێنترە، بەڵام لەو کاتەدا نرخەکەی گرانتر دەبێت.


سێیەم/ زبڵی ئاژەڵی: سەرچاوەی ئەو پەینە بریتییە لە پاشەڕۆی مانگا یان مەڕ یان باڵندە و زۆر لە ئاژەڵی دیکە. کێشەی ئەو جۆرە پەینە خۆی لە ناهاوسەنگی مادەی خۆراکییەکان دەگرێتەوە و بۆنەکەشی ناخۆشە و هەندێک جار بە باشی شی نەبۆتەوە و پیسبووە بە میکرۆب و تۆوی گژوگیای نەویستراو و هەندێک کاتیش میٚروو و کرمی تیدا دەبێت بۆیە دەبێت بەو دوو ڕێگا بەکار بهێندرێت:-

ڕێگای یەکەم: بەشێک لەو زبڵە وەردەگیرێت وتێکەڵ بە خاک دەکرێت، بەڵام دوای تەعقیمکردنی بە ڕێگای ترشاندنی لەسەر خۆیان مامەڵەکردنی بە پلەی گەرمی بەرز بەوەش زیانەکانی نامێنێت.

ڕێگای دووەم: تەخمیرکردن و ترشاندن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە چاڵی تایبەتدا، لەوێ کۆدەکرێتەوە و ئاو ڕشێن دەکرێت و بە نایلۆن سەرپۆش دەکرێت کە ڕیگا بە تیشکی خۆر بدات بۆ ئەوەی بگاتە پێکهاتەکە و گازەکان و گەرمییەکە لەناوخۆیدا کۆدەکاتەوە و قەتیس دەکات بەوەش دەرفەت بە بەکتریا دەدرێت کاریکات لە شیکردنەوەی باشی پێکهاتەکە. لە دوای ساڵێکدا ئەو پێکهاتەیە دەدرێتە بەر هەوا بۆ ئەوەی بۆنە ناخۆشەکەی نەمینێت، پاشان ڕاستەوخۆ وەک پەین بەکار دێت. زبڵی ئاژەڵ بە سوودە بۆ ڕووەک بەو بڕەی کە ڕووەک پێویستی پێیەتی.



هێلکەی تورکی بازاڕەکانی عێراق و سووریا و کوێتی تەنیوەتەوە



نزیکەی 285ملیۆن دۆلار بووە.

وڵاتی سووریا بە پلەی دووەم دێت بە تۆمارکردنی هەڵکشان لە قەبارەی هەناردەکردنی هێلکەی تورکی بۆ ئەم وڵاتە لە 320هەزار دۆلار لە ساڵی 2018 بۆ 41 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 2019.

کوەیت لە پلەی سێیەم دێت، هەناردەی هێلکەی تورکی بۆ ئەم وڵاتە هەڵکشانی بەخۆوە بینی لە بەهای 27هەزار دۆلار لە ساڵی 2018بۆ زیاتر لە 31 ملیۆن و 641 هەزار دۆلار لە ساڵی 2019.

لە کاتێکدا کە پەیوەندی فەرمی لە نێوان حکومەتی دیمەشق و ئەنقەرە نییە و حکومەتی عێراق هاوردەکردنی هێلکەی تورکی قەدەخەکردووە، بەڵام هەناردەکردنی هێلکەی تورکی لە ساڵی 2019 بۆ سووریا و عێراق و کوێت ژمارەیەکی پێوانەییان تۆمار کرد.

بە پێی داتاکانی دەستەی ئاماری تورکیا، عێراق بە پلەی یەکەم دێت لە نێوان ئەو وڵاتانەی زیاترین هێلکەی تورکییان هاوردەکردووە لە ساڵی ڕابردوودا، بەهای هێلکەی هەناردەکراو بۆ عێراق گەیشتە 96ملیۆن دۆلار.

هەناردەکردنی هێلکەی تورکی بۆ عێراق بە ڕێژەی 66.2%پاشەکشەی کردووە بەهۆی کاریگەری بڕیاری حکومەتی عێراق سەبارەت بە ڕاگرتنی هاوردەکردنی هێلکەی تورکی لە مانگی مایۆ (ئایار) لە ساڵی 2019، لە کاتێکدا کە بەهای هەناردەکردنی هێلکە لە ساڵی 2018

ئەو بەروبوومە ڕووەکییانەی لە مەترسیترین نەخۆشیی دەتپارێزن



لێکۆڵینەوەیەکی تازە کە لە ڕۆژنامەی "دەیلی میل"ی بەریتانی باڵاوکراوەتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە خواردنی ئەو سەرچاوانەی دەوڵەمەندن بە "فلافۆنید" و دژە ئۆکسید وەک سێو و چاو و تووو و قەرنابیت، مرۆڤ لە نەخۆشیی شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ دەپارێزێن بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە جگەرە کێش و مەی خۆرن.

تۆیژەرانی کۆلێژی زانستە پزیشکییەکانی زانکۆی "ئەدیس کوان" لە دانیمارک شیکارییان بۆ داتای کۆمەڵەی خۆراکی دانیمارک بۆ شێرپەنجە کرد بە هەڵسەنگاندنیان بۆ سیستەمی خۆراکی زیاتر لە 53هەزار کەسی دانیمارکی بە درێژایی 23 ساڵ.

تۆیژەران بینیان ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی ڕێک بڕێکی زۆر لە خۆراکی دەوڵەمەند بە "فلافۆنید" و ئاوێتەکانی دەخۆن کە لە خواردن و خواردنەوە ڕووەکییەکاندا هەیە، کەمتر توشیی مردن دێن بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ.

"باراسۆ" گەورە تۆیژەری ئەو لێکۆڵینەوەیە دەڵێ: لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت کە کەمبوونەوەی مەترسیی لەلایان ئەو کەسانەی خۆراکی دەوڵەمەند بە "فلافۆنید" دەخۆن کاریگەرییە پێشگیرییەکەی لەلایان ئەوکەسانەی جگەرەکێش و مەیخۆرن یان هەردووکی ڕۆژانە بەکار دێنن بە ڕوونی بەدیار کەوتووە.

ئەو لێکۆڵینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە گرنگە چەندین جۆر لە "فلافۆنید"ی جیاواز بەکار بێت کە لە خواردن و خواردنەوە ڕووکییەکاندا هەیە ئەوەش بە ئاسانی دێتە دی بە پەیڕەوکردنی سیستەمێکی خۆراکی کە پێکهاتبێت لە یەک کوپ چا و یەک سێو و 100 گرام لە بلوبێری و 100 گرام لە قەرنابیت، ئەوانە پێکەوە کۆمەڵەیەکی فراوانی ئاوێتەکانی "فلافۆنید" بۆ جەستە دابین دەکان.



سۆن

هیواکانی تۆتینهام بۆ گەیشتن بە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەبوژێنێتەوە

یانەی تۆتینهام هیواکانی بوژایەوە بۆ گەیشتن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە وەرزی داهاتوو، کاتێک سەرکەوتنێکی گرنگی بەسەر یانەی ئەستۆن ڤیلا تۆمار کرد و یاریبەکەی بە ئەنجامی 3-2 گۆڵ لێی بردەوە و سۆن یاریزانی تۆتینهام لە خولەکی زیادکراوی یاریبەکەدا گۆڵی بردنەوەیە تۆمار کرد.
کۆی خاڵەکانی یانەی تۆتینهام کە ئەمە سێیەم بردنەوەیە لەسەر یەکتری گەیاندە 40 خاڵ و لە خانەی پێنجەم دیت و بەمەش هیوای بوژایەوە بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەروپا سەرکەوێت، بەتایبەتیش دوای ئەو سزایەی یویفا بەسەر یانەی مانچستەر سیتی سەپاند لە بەشداری نەکردنی لە خولەکانی ئەوروپادا، بەمەش چانسی تۆتینهام زۆر بوو بەدوورخستنەوەی مان سیتی.

هەرچەندە بردنەوەیەکی گەورەیان تۆمار کرد

نوێر لە بایرن میونشن تووڕەبوو



مانوێل نوێری گۆڵچی یانەی بایرن مینشن لە ئاستی یانەکەی زۆر تووڕە دەبێت، ئەگەرچی یاریبەکەیان بە ئەنجامی 4-1 بردەوە.
مانوێل نوێر لەناو یاریگادا ئەو تووڕەییەی پێوە دیاربوو، بەردەوام هاواری دەکردە سەر یاریزانانی باڤاری کە ئاستیان باش بکەنەوە، دوای یاریبەکەش نوێر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی: ئەوەی زۆر منی بێزار کردبوو، ئەوەبوو کە وەک گێمی یەکەم یاریزانانمان ئەو ئاستەیان بەردەوامیی پێنەدا، بەخۆمان وامان لە خۆمان کرد کە لە گێمی دووەمدا فشار بۆ سەر خۆمان دروست بکەین، ئیمە دەمانتوانی 10 گۆڵ تۆمار بکەین، ئەگەر بەهەمان ئاستی گێمی دووەم یاریمان کردبایە.
جێی باسە نوێر ئاستێکی بەرزی لەگێمی دووەم پێشکەش کرد و سێ تۆپی هێرشی پێچەوانەی پووچەلکردەوە کە ئەگەر گۆل بوایە ئەنجاوی یاریبەکەی دەگۆڕی.

راهێنەری پایسکلسواری یانەی برایەتی بۆ خەبات:
ئۆرفیۆس جەلال: ئەگەر پشتیوانی و هاوکاری هەبێت دەتوانین لە داهاتوودا میدالیای ئۆڵۆمپیادی پایسکلسواری بەدەست بهێنین



دیمانە: کەوسەر سەرکەوت

ئۆرفیۆس جەلال حوسێن راهێنەرێکی بەتوانای یاری پایسکلە، ماوەیەکی زۆرە وەک راهێنەر لە چەندین یانەدا ئەرکی پێسپێردراوە، لەسەرەتای ئەمسالّەوە وەک راهێنەری تیپی پایسکلسواری یانەی وەرزشی برایەتی دەستبەکاربوو، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی سەبارەت بە کاروانی وەرزشی و ئامانجی لە گرتنە ئەستۆی پایسکلی یانەی برایەتی لەگەڵ ئەنجامداوە.

گەیشتن بە ئاستی پرۆفیشنالی

ئۆرفیۆس جەلال کە لەماوەی نیوان 2009 تا 2016 راهێنەری تازەپێگەیشتوانی یانەی هەولێر و لەهەمان کاتیش سەرپەرشتیاری تیپی ئافرەتان بووە لە 2012 تا 2016و یاریدەدەری راهێنەری تازەپێگەیشتوانی هەڵبژاردەی عێراق بووە، دەڵێت: لە سەرەتای ئەمسالّ ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی برایەتیم وەرگرت، سوپاسی دەستەی کارگێڕی ئەو یانەیە دەکەم کە ئەو متمانەیان پێبەخشیم، ئێمە وەک کۆمپانیایەکی پرۆفیشنالی لە بواری پایسکلسواری کاردەکەین، لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئەم وەرزشە، هەروەها گوتی: دڵنیام ئەگەر هیچ تەگەرەیەک نەیەتە پێشمان ئەوا بۆ چەند ساڵی دیکە ئاستی ئەو تیپە دەگەینینە ئاستی پرۆفیشنالی نێودەوڵەتی، بەتایبەتیش کە پایسکلسوارەکانمان زۆر گوێڕایەڵن و لەوە تێگەیشتوون کە کە دەرفەتێکی زێڕینیان لەبەردەمدایە، لە گۆڕینی ئاستیان.

گرفتە سەرەکییەکانی ئەم وەرزشە

دواتر راهێنەری پایسکلسواری یانەی وەرزشی برایەتی گوتی: پایسکلسواری گرفت و کێشەی زۆرە، کە ئەمەش رەنگدانەوەی حراپی بەسەر ئەم وەرزشەوە دەبێت، لەوانە گرفتی سەرەکی پایسکلسواری دووركەوتنەوەی زۆربەی پایسکلسوارانی پێشووە، ئەویش بەهۆی کەمیی ژمارەی یانە و نەبوونی پشتگیری دارایی، هەروەها کەمیی پاڵەوانێتییەکان لەسەر ئاستی کوردستان و دواتریش لەسەر ئاستی عێراق، ئەمە جگە لە کەمیی ئاستی رۆشنبیری وەرزشی و دابونەریتی کۆمەڵگا لەم وەرزشە، زیاتر ئەو دەرفەتە بە ئافرەتان نادرێت کە زۆریان حەزدەکەن ئەم وەرزشە بکەن، چونکە پایسکل هۆکاریکی گرنگە هەم بۆ تەندروستی لەش و هەم بۆ گواستنەوە، هەروەها زیاتر گوتی: بەداخەوە کۆمپانیاکان تەنها سپۆنسەری وەرزشی تۆپی پێ دەکەن و یاریەکانی دیکەیان فەرامۆش کردووە بەتایبەتیش وەرزشی پایسکلسواری

ئیمە پێشەنگی کوردستان و عێراقین

دواتر راهێنەری یانەی برایەتی گوتی: ئێمە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق پێشەنگین و تەنانەت لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیش ئەنجامی باشمان هەبووە، بەڵام بەداخەوە دوای 2014 ئاستەکە بەوشیوەیە نەبوو ئەویش هۆکارەکان هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدان، لەم سۆنگەیەوە پەیامی من بۆ سەرجەم وەرزشوان و ژینگەدۆستان کە پاڵپشتی ئەم وەرزشە بکەن، دڵنیام ئەگەر پشتیوانی و هەماهەنگی هەبێت، دەتوانین ئەنجامی زۆر باش بەدەستبهێنین و بتوانین لە داهاتوودا میدالیای ئۆڵۆمپیادیش لە پایسکلسواری بەدەست بهێنین.





دوای سزاکەی مان سیتی
چارەنووسی گواردیۆلا دەبێتە باسێکی گەرم

پێدەچێت ئەو سزایەی سەر مان سیتی لە پێشبڕکییەکانی ئەوروپا وا لە گواردیۆلا بکات سەرلەنوێ تیپەکەی بونیاد بنێتەوە، بەتایبەتیش کە لەم وەرزهی خولی ئینگلیزیدا نەیتوانی رکابەری یانەی لیڤەرپوول بکات.
لەپەراویزی ئەو هەواڵەشەوە دەنگۆی ئەوە هەیە کە پیدەچێت گواردیۆلای راهێنەر ئەو یانەیە جێبهێڵێت، بەڵام پێناچێت ئەمە رووبدات، چونکە پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوان ئەو و چیکی بیگرستاینی بەڕێوەبەری یانەکە هەیە، بۆیە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئەو بڕیارەی یوفا ئەگەر سەر بگرێت، ئەوا گواردیۆلا هەوڵ دەدات دووبارە تیپەکەی سەر لەنوێ بونیاد بنێتەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue.18. Feb. 2020 No: (5935)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





لە مەراسیمێکدا ڕێز لە ڕووناکبیر و شاعیری دیاری کورد مەدحەت بێخەو نرا

مەدحەت بێخەو: لەسەر شیعرەکانم چەند جارێک زیندانی کراوم و ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی زۆریش بوومەتەوە

د. نەوزاد یەحیا باجگر: کەسایەتییە گەورەکانمان هیچیان لە کەسایەتییە گەورەکانی جیهان کەمتر نییە



ڕووناکبیر و شاعیری دیاری کورد مەدحەت بێخەو، بەیەکێک لەو شاعیرە بەتوانا و پڕشەنگدارانە دادەنرێت کە خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە بواری ئەدەبی و تەمەنێکی زۆریش خزمەتی بە بواری نووسینی شیعر و ئەدەبیات کردووە. مەدحەت بێخەوی شاعیر، لەگەڵ هاتنی بۆ نێو بواری ئەدەب و شیعر، ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی گرتەبەر و وەک دەنگێکی حەقبێژ لە شیعرەکاندا داکۆکی لەمافی چەوساوەکان کردووە. ئەو شاعیرە زمانێکی تایبەت بە وێنە شیعرییەکان هەیە.

بەشێکی زۆری شیعرەکانی لەلایەن هونەرمەندانەوە کراون بە سروود و گۆرانی و ئاوازییان بۆ دانراوە. وەک هونەرمەند عەلی مەردان، تاهیر تۆفیق، فواد ئەحمەد، میکائیل و...هتد. دیارترین سروودیش کە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا بوو بە مارش و تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێت بە زیندوویی ماوەتەوە سروودی "ئێمە پێشمەرگەین تا ماوین لە ژین" بوو، کە لەلایەن هونەرمەند فواد ئەحمەد تۆمارکرا و ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی وڕەی پێشمەرگە و بەردەوام لە ئێزگەی دەنگی کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا پەخش دەکرا.

بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و ماندووبوونی ئەم شاعیرە لە ژیانی ئەدەبیدا، دوێنێ دووشەمە بەئامادەبوونی د.نەوزاد یەحیا باجگر ئەمینداری زانکۆکانی جیهان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیبان و مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ، زانکۆی جیهان لە مەراسیمێکدا ڕێزی لەم کەڵە شاعیرە نا.

سەرەتای مەراسیمەکە فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و بواری ئەدەبی و دەستپێکی هاتنی شاعیر مەدحەت بێخەو بۆ نێو بواری ئەدەب نمایشکرا. دواتر وتارێک لەلایەن ئەمینداری زانکۆکانی جیهان د نەوزاد یەحیا باجگر پێشکەش کراو ئاماژەی بە دەست و پەنجە ڕەنگینی مەدحەت بێخەوی شاعیر کرد کە چ ڕۆڵێکی هەبووە لەبواری ئەدەب و شیعر نووسیندا.

د.نەوزاد گۆران: ڕێز گرتن لەو کەسایەتییە دیار و بەرچاوانەی کە لەڕابردوو خزمەتیان کردووە ئەرکی سەرشانی هەموومانە، جا ئەو کەسایەتییانە لەهەربوارێکدا بن.

گوتیشی: ئێمە وەک زانکۆی جیهان دەمانەوێت ڕێز لە کەسایەتییە دیارەکان بگرین و بیکەین بەنەریتێک بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان هەست بە گەورەیی ئەو کەسایەتیانە بکەین کە تەمەنێکیان لە ژیانی خۆیان بەخشیووە.

گوتیشی: کەسایەتییە گەورەکانی ئێمەش هیچیان لە کەسایەتییە جیهانییەکان کەمتر نییە بگرە زیاتریشن ئەگەر بایەخیان پێ بدەین.

دواتر د.هاوڕێ، هاوڕێی مەدحەت بێخەوی شاعیر لە وتەیەکدا باسی لە پەیوەندی نێوان خۆی و شاعیر کرد و تێشکی خستەسەر بەشێک لە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر لە قۆناغە جیاجیاکانی ڕابردوودا. دواتریش وتاری یەکێتی نووسەران لقی هەولێر خوێندرایەوە و سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی زانکۆی جیهان کرد بۆ ڕێزگرتن لەو شاعیرە. دواتریش د.ئازاد باسی لە بەرهەمە شیعرییەکانی ئەو شاعیرەو چۆنیەتی بایەخ و گرنگی بێخەو کرد لەنێوانی زمانی شیعری کلاسیکی و ئێستادا کەوەک شێوەکارێک وشەکانی نیشانداوە کەم شاعیر هەیە بتوانێت بەو شێوە زمانە بنووسێت.

دواتریش مەدحەت بێخەوی شاعیر لە وتەیەکدا بۆ ئامادەبووان سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی زانکۆی جیهان کرد بۆ ئەو مەراسیمەی ئامادەیان کردووە.

هەروەها باسی لەدەستپێک و قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنی شیعری خۆی کرد و گوتی: دەستپێکی نووسینی شیعرم دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، گوتیشی ئەگەر باس لە نووسینی شیعری خۆم بکەم دەتوانم دابەشی بکەم بۆ سەر حەوت تەوەر. گوتیشی: سەرەتای نووسینی شیعرەکانیشم لەسەر چینی هەژار و چەوساوەکان بوو، یەکەمین شیعریش کە نووسیم شیعری چینایەتی بوو ،لەسەر چینی جووتیارانی هەولێر، ئیتر لەوێوە پەڕەم بە بواری شیعردا و قۆناغ بە قۆناغ تا ئێرەم هێناوە. ئاماژەی لەوەشدا لەسەر شیعرەکانی چەند جارێک زیندانیکراوە و ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی زۆر بۆتەوە.

(مهرناز دبیرزاده) بەشداری لە (60) گۆرانیدا کردووە بە ژەنینی ئامێری تەپڵ



ئەوەی کەمێک ئاشنای موزیکی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و ئێران بەتایبەتی بێت ، خاتوونە پەنجە زێڕینەکەی ژەنیاری (تەپڵی) دیوە، واتە خاتوو (مهرناز دبیرزاده)، ئەم هونەرمەندە بەتوانایە ساڵی (1968) لەگەڵ (فرناز) خاتونی خوشکی بە جمک (دوانە) لە شاری تاران لە دایک بووە، دەڵێ هەر لە منداڵیەوە خولیای ئامێری تەپڵ بووم، لە تەمەنی (15) ساڵیدا چووەتە فێرگەی هونەری موزیکی لە تاران و دەبێتە قوتابی مامۆستا (مرتچی گبیبی)، لە ماڵی باوکی دەبێتە مامۆستا و دەیان قوتابی کوڕ و کچ فێری ئامێری دەف و تەپڵ دەکات، پاشان لەلایەن وەزارەتی ئیرشادەوە مۆڵەتی پێدەدرێت و دەبێتە مامۆستای هونەر لە ناوەندێکی هونەری، خاتوو مهرناز ئێستا دانیشتوی وڵاتی بەریتانیایە و بەشداری لە داڕشتنی موزیکی چەندین زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا کردووە خاوەنی (4) خەڵاتی نێودەوڵەتییە ، هەروەها خاوەنی ئەلبومێکی فێرکاریە لە هەردوو ئامێری تەپڵ و تار ، بەشداری لە (60) گۆرانیدا کردووە بە ژەنینی ئامێری تەپڵ.

ڕێبوار هەورامی